# دیبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا: توێژینەوەیەکی تیۆری لەسەر ئامانج ومیکانیزمەکان

**هناء محمد کریم [1,2] و ئەنوەر محمد فرج [3]**

[1] کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، العراق

[2] دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، العراق

[3] بەشی دیپلۆماسی و پەیوەندییەگشتییەکان، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، العراق

**پوختە-** ئەمریکا ئەزموونێکی دوورو درێژی هەیە لەپراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ چونکە وڵاتێکی زلهێزە و هەژموونی بەسەر وڵات و ناوچەی زۆری دونیادا هەیە، ئەمەش پێویستی بە بەگەڕخستی دبلۆماسیەتی گشتییە، چ لە ڕووی زانیاری و چ لە ڕووی پەیوەندی و کردەییەوە. ئاماجی ئەم توێژینەوە گەڵاڵەکردنی دەروازەیەکی تیۆریە لەسەر ئامانج و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی دبلۆماسی گشتی نوێی ئەمریکا کە وەکوو ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پراکتیزەی دەکات. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پێداچونەوە بە توێژینەوە سەرچاوەکانی پەیوەست بەبابەتەکەوە شرۆڤەی پاسا و تێزی توێژینەوەکە کراوە. لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گشتووە بەوەی کە ئەمریکا بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاکانی خۆی پشتی بە چەندین میکانیزمی کردەیی و زانیاری جیاواز بەستووە و گرنگترین میکانیزمە کردەییەکان بریتین لە: ئاڵوگۆڕی زانستی و پەروەردیی و کلتوری، یارمەتی و پاڵپشتیکردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەماهەنگی سەربازی وئاسایش، بازرگانی و ئابوری بەمەبەستی کارکردن لەسەر وێنەی ئەرێنی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتدا، لە هەمانکاتدا لە ڕێگەی میکانیزمی زانیاری و میدیاوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەو گوتارو زانیاری و دروستکردنی مانا و پێکهێنانی ڕای گشتی دەکات، بە ئامانجی گۆڕینی تێڕوانینی جیهان، بەجۆرێک کە کاریگەربن بە بەهاکانی ئەمریکا، لەم چوارچێوەیەشدا بە ستراتیژیەکی فراوان بە پشت بەستن بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وچاپکراوەکان و پیشەسازی کلتوری و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کاردەکات

**وشە کلیلەکان-** دبلۆماسیەتی گشتی نوێ، ئەرمریکا، میکایزم، بەها.

## پێشەکی

دبلۆماسیەتی گشتی بە دوو ڕێگا کار لەسەر گۆرینی تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوڵاتیانی جیهان دەکات: یەکەم لەڕێگەی پێکهێنانی زانیاری ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاژانسەکانی هەواڵ و زانیاری و میدیا و فیلم و سۆشیاڵ میدیا. دووەم لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوکاری و هاوئاهەنگیەوە ئەنجامدەدرێت. بە هۆی زیاتر جەماوەریی بوونی سۆشیاڵ میدیا و بەکارهێنانی لەلایەن دیپلۆماتکار و جاماوەر جۆرێکی نوێ لە دبلۆماسیەتی گشتی وەکو چەمکێکی سەربەخۆ گەڵاڵە بووە و کە پێدەوترێت دبلۆماسییەتی گشتی نوێ.

ئەمریکا ئەزموونێکی دوورو درێژی هەیە لەپراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ چونکە وڵاتێکی زلهێزە و هەژموونی بەسەر وڵات و ناوچەی زۆری دونیادا هەیە، ئەمەش پێویستی بە بەگەڕخستی دبلۆماسیەتی گشتییە، چ لە ڕووی زانیاری و چ لە ڕووی پەیوەندی و کردەییەوە.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گەڕانە بەدوای بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی خۆیدا لە ژینگەی دەرەوەدا لە ڕێگای بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی ئامرازە جۆراوجۆرەکان تا پارێزگاری لە مانەوەو فراوانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆی لە هەر شوێنێکی جیهاندا بکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا لە ڕێگای میکانیزمە جیاوازەکانی دبلۆماسیەتی گشتیەوە گرنگی بە بەها سیاسی و ئابوری و کلتوورییەکانی خۆی لە ژینگەی نیودەوڵەتیدا دەدات.

ئامانجی سەرەکی ئەمریکاش لەم کارە بریتیە لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتەکان بەشێوەیەک لایەنی کەم ئەو بەهایانەیان قبوڵبێت و کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتانە هەبێت بۆ ئەوەی پەیڕەوی ئەو بەهایانە بکەن، لە پێناو ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا.

بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە دابەشدەکرێت بەسەر دوو باسدا بەم شێوەیە: باسی یەکەم: پێناسەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ و ئامانجەکانی ئەمریکا، باسی دووەم: میکانیزمەکانی دبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا.

### کێشەی توێژینەوە و پرسیاری توێژینەوە

بەهۆی ڕۆڵی سیاسی ئەمریکا لە جیهاندا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆتە جێی بایەخی توێژەران و ئەمریکا دبلۆماسیەتی گشتی وەکوو ئامرازێک لە پێناو ئامانجەکانیدا بەکاردەهێنێت، گۆڕانکاریەکانی تەکنۆلۆجیای گەیاندن بەتایەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری تەواوی بەسەر شێواز و میکانیزم و یاریکەرەکانی دبلۆماسی گشتی کردووە، بەشێوەیەک کە بۆتە چەمکێکی سەربەخۆ و پێی دەترێت دبلۆماسی گشتی نوێ،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 3(2023)؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n3y2023.pp142-155

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 نيسان 2023؛ قُبل في 17 أيار 2023؛ نُشرت في 1 آب 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: anwar.faraj@uhd.edu.iq, hanababa977@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2023 هناء محمد کریم و ئەنوەر محمد فرج. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 40

ئەمەش بۆتە جێ بایەخ و پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە دەیەوێت وەڵامی سێ پرسیار بداتەوە کە پێکەوە گەڵاڵە دەبن بۆ دەوازەیەکی تیۆری بۆ توێژینەوەیەک کە لە دبلۆماسی گشتی نوێی ئەمریکا بکۆڵێتەوە و، پرسیارەکان بریتین لە:

1. دبلۆماسی گشتی نوێ چییە و چ پەیوەندی و لێکچویەکی لەگەڵ دبلۆماسی گشتیدا هەیە؟
2. ئامانجەکانی بەکارهێنانی دبلۆماسی گشتی نوێی ئەمریکا چیین؟
3. ئەمریکا چی میکانیزمێک لە چوارچێوەی دبلۆماسی گشتی نوێ لە خزمەتی سیاسەتی دەرەوەیدا بەکار دەهێنێت؟

## گرنگی توێژینەوە

بەپێی بەدواداچوونی توێژەر هێشتا لە کوردستاندا توێژینەوە لە بواری دبلۆماسی گشتی نوێ زۆر کەمە و بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن و ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا دەکات بە تایبەت لە ڕووی ئامانج و میکانیزمی بەکارهێنانی دبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا کە دەبن بە سەچاوەیەک لە کتێبخانە و فەرهەنگی کورد، دەشێت توێژەرانی بواری زانستە سیاسییەکان و دبلۆماتکاران و ڕۆژنامەوان و چاودێرانی سیاسی کورد سودی لێببینن، لە لایەکی دیکەوە ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی دەروازەیەکی تیۆری ئامادەکراوە و لە بەرگی ماستەرنامەیەکدا لێکۆڵینەوە لە سەر دبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی پراکتێکی دەکات.

## میتۆدی توێژینەوە

وەکوو لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵەکردنی دەروازەیەکی تیۆرییە، بەمەش ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەی تیۆری Desk) (Studyکە لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە توێژینەوە و سەرچاوە زانستییەکانی پەیوەست بەبابەتەکەوە (Literature Review) ئەنجامدراوە.

## باسی یەکەم:
## دبلۆماسیەتی گشتی نوێ و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

بەمەبەستی ڕونکردنەوەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ و ئەو بەهایانەی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەیدا کاری لەسەر دەکات، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ چوار داخواز، بەم شێوەیە: داخوازی یەکەم: پێناسەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ، داخوازی دووەم: بەها سیاسییەکانی ئەمریکا، داخوازی سێیەم: بەها ئابورییەکانی ئەمریکا، داخوازی چوارەم: بەها کلتورییەکانی ئەمریکا.

### داخوازی یەکەم:
### پێناسەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ:

لەدەستپێکی ئەم داخوازەدا تیشک دەخرێتە سەر دبلۆماسیەتی گشتی بەو پێیەی ڕەگ و ڕیشەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ لە دبلۆماسیەتی گشتیەوە سەرچاوەی گرتووە. دبلۆماسیەتی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا(Public Diplomacy) ەیە، هەندێکجار توێژەران دەستەواژەی دبلۆماسیەتی (میللی، خەڵک، جەماوەری، باو، نوێ، میدیا، کراوە) بەکاردەهێنن، بەڵام لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زیاتر دبلۆماسیەتی گشتی بەکاردێت (عبدالله، ٢٠٢١، ل٤١).

پێشکەوتنەکانی بواری پەیوەندی و گواستنەوە ڕێگەیان بە دەوڵەتەکان داوە کە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی خاکەکەیاندا بکەن و ئەم جۆرە دبلۆماسییەش لە دبلۆماسیەتی گشتیدا بەرجەستەدەبێت کە میکانیزمی گونجاو دابین دەکات بۆ ئەوەی پرۆسەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان خەڵک و دامودەزگا فەرمییەکاندا ئاسان بکات، دیبلۆماسیەتی گشتی بۆ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی لە وڵاتانی جیهانیدا بەکاردێت، بەتایبەت لەو کاتەدا کە پشتیوانی دیبلۆماسیەتی ڕەسمی بن و پشتیوانی لە بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت بکەن(سلیم،٢٠٢١،ص٥).

نیکۆلاس جەی کۆل (Nicholas J. Cull) مامۆستا لە بواری دبلۆماسیەتی گشتی پێناسەی دبلۆماسیەتی گشتی دەکات بەوەی "ئەو چالاکییەیە کە لەلایەن دامەزراوە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕای گشتی بیانی ئەنجام دەدرێت.(Gazdoiu, 2015, p64,) "

بەپێی سکۆت سیمس و مۆس مارتن دبلۆماسیەتی گشتی بەرنامەکانی زانیاری حکومەت و پەخشی هەواڵ و تا دەگاتە چالاکیە کلتوری وپەروەردەی و کردەییەکان دەگرێتەوە (Scott-Smith & Mos Martijn ,2009,p225). لەچوارچێوەی زانیارییەکاندا چالاکییەکانی دبلۆماسیەتی گشتی لە پێشتردا لە ڕێگەی میدیا نێودەوڵەتیە فەرمییەکانەوە بووە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت بوو بەهۆی ئەوەی بکەرەکانی میدیا زۆرتر ببێت و دیبلۆماسیەتی گشتیش بەهۆی تۆرەکۆمەڵایتیەکانەوە زیاتر گەشەی کرد و، ئەو دەرفەتەی دایە دیبلۆماتکارەکان کە زیاتر لەگەڵ خەڵکانی تر تێکەڵ بن، هەروەها خەڵکیش توانی کارلێک لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکات(هیوا،٢٠١٨،ل٧). لێرەشەوە دبلۆماسی گشتی نوێ لە هەناوی دبلۆماسی گشتیدا دێتە کایەوە، واتا دیبلۆماسیەتی گشتی نوێ زادەی بەرهەمی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و بەتایبەتی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لە پرۆسەی دیبلۆماسیەتی گشتیدا(Ohnesorg , 2020,p144) .

دبلۆماسیەتی گشتی نوێ درێژەپێدەری دبلۆماسیەتی گشتییە بەکۆمەڵێک ودەرفەت وئاڵنگاری نوێیەوە، لە ڕووی زاراوەیشەوە هەر لە دبلۆماسیەتی گشتیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ بەکاردێت، چونکە دەستەواژەیەکی گشتگیرترو فراونترە، لەلایەک بەشێک لە دبلۆماسیەتی گشتی لە خۆدەگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە تەکنۆلۆژیا لە بواری دبلۆماسیەتدا خوڵقاندویەتی، دبلۆماسیەتی گشتی لە پاڵ بوارە کردەییەکانیدا پێویستی بە ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای نوێیە وەک درێژەپێدەری ئامرازە میدیاییەکانی بۆ گەیاندنی پەیامی چالاکە کردەییەکانی بە زۆرترین جەماوەر، هەر بۆیە هەردوو بواری کردەیي و زانیاری تەواوکەری یەکترن و دبلۆماسیەتی گشتی نوێش ڕەنگدانەوەی ئەو دوو بوارەیە.

بەڕای جان مێلیسن (Jan Melissen) پرۆفیسۆری دبلۆماسیەت لەزانکۆی ئەنتۆرپی بەلجیکا، دبلۆماسیەتی گشتی نوێ پێناسەدەکات بەوەی شێوازێکە لە پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەت و لە دبلۆماسیەتی گشتیەوە سەرچاوە دەگریت و، ئامرازێکە کە لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ تێگەیشتنی کلتور و تێڕوانین و ڕەفتارو بونیادنان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ کاریگەری دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو هەنگاوانە لە پێناو دروستکردنی ئەو بەهایانەی باوەڕیان پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەکەن لەلای ئەوانی تر(Melissen, 2013,P436 ). بە بۆچوونی مانۆر و سێگڤی (Manor and Segev) ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن دیبلۆماتکارە کلاسیکیەکانەوە.(Roumate, 2021,p133)

ئەگەر چی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ بووە بەهۆی فراوانبووونی دبلۆماسیەتی

گشتی، بەڵام خاڵی جیاوازی دبلۆماسەتی گشتی نوێ و دبلۆماسیەتی گشتی بریتییە لەوەی لە دبلۆماسیەتی گشتی نوێدا ١-ژمارەی ئەکتەر و جێبەجێکارانی زیاترن. ٢-جۆری پەیوەندییەکان ئاسۆیین و شێوازی پەیوەندییەکان جۆراوجۆرتر و زۆرترن. ٣-چالاکییەکانی شەفافتر و ڕوونترن. ٤-دەرئەنجامەکەشی بۆ هەردوولا لە شێوەی گەشتیاری، بواری خوێندن، دەستی کار، دروستکردنی متمانەی دوولایەنە، وەگەڕخستنی سەرمایە و، تەکنۆلۆجیایی شمەک وخزمەتگوزارییەکان خۆی دەبینێتەوە(Bali etall, 2018,p2).

لەکاتێکدا لە دبلۆماسەتی گشتیدا ئەگەر چی ژمارەی ئەکتەرەکان بە بەراورد بە دبلۆماسیەتی کلاسیکی زیاترە (Ziegler,2023 ). بەڵام بە بەراورد بە ئەکتەرەکانی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ کەمترە، پەیوەندییەکانی سنوردارترە و کەمتر شەفافە و کاریگەری کەمترە، چونکە جەماوەری بە ئامنجگیراو سنوردارترە.

ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دبلۆماسیەتی گشتی نوێ درێژە پێدەری دبلۆماسیەتی گشتیە و کۆمەڵە چالاکیەکە کە لەلایەن دەوڵەت وئەکتەرە نادەوڵەتیەکانی وەک گروپ وڕێکخراوەکان وکۆمپانیا فرەرەگەزەکان دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە (Public Figures)و کۆی تاکەکانەوە بەکاردەهێنرێت و، پشت بە ئامرەزەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت دەبەستێت بۆ ئاسانکردنی ئەرک و کارە دبلۆماسییەکان و گەیاندنی پەیامەکان بە جەماوەری ناوخۆ و بیانی لە پێناو دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان وئاسانکاری لەبەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیە نیشتمانییەکان.

## داخوازی دووەم:
## بەها سیاسییەکانی ئەمریکا

بەگشتی بەها ئاماژەیە بۆ گرنگی یاخود بەهای شتێک بەبەراورد بە شتەکانی دیکە، یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆیانە هەڵبژێرن و بڕیاری لەسەر بدەن، بەها بەشێکی لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕابردوو یان پاشخانی کلتوری بنیادنراوە .(Barowski & Pisano,2021) بەشێکی تریشی لەسەر بنەمای خواست و تێگەیشتنی ئەوانی ترە، ئەوەش لە ڕێگای هاوبەشیکردنی بەهاکان و بەستنەوەیان بە کلتوری وڵاتان و جیهانەوە و کارکردن لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکاندا بۆئەوەی خۆیان بە خاوەنی ئەو بەهایانە بزانن، ( Center for American Progress and Center for strategic and international studies, 2013,p8-9).

ئەمریکا لە پێشتریش و لە سەردەمی جەنگی ساردەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بەها سیاسیەکانی خۆی دەدا لە ناویشیاندا دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی ئەم بەهایانەش ڕۆڵی هەبوە لە شکستپێهێنانی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم کە یەکێتی سۆڤیەت بانگەشەی بۆ دەکردن .(Powers,2017) بەڵام لە پاش جەنگی سارد، لەو بروایەدا بوون کە دەبێت بازارگەریی بۆ وێنەی ئەمریکا (Branding America) بکرێت بە جەختکردنەوە لە بەهاکانی دیمۆکراسی و ئازادی (البدوي، ٢٠١٥، ص٩٥).

پاساوەکانی ئەمریکا بۆ بە جیهانیکردنی دیمۆکراسی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی ئایدیالیزم (تیۆری ئاشتی دیموکراتیانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا)، کە لەلایەن سەرۆک) تۆماس ودرۆ ویلسۆن، (Thomas Woodrow Wilson، (١٨٥٦-١٩٢٤)، پشتگیری لێکراوە، بە گوێرەی بنەما هزرییەکانی ویلسۆن دیمۆکراسی بەرگری دەکات لەسەرهەڵدانی شەڕ لەنێوان دەوڵەتە دیمۆکراسیەکان بەهۆی بەها هاوبەشەکان وپێکهاتەی دامەزراوەییەوە، سەرباری ئەوەی دیمۆکراسی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و ململانێکان، دەوڵەتە دیمۆکراسیەکان هاوبەشن لە کۆمەڵێک بەهای سەرەکی، دیمۆکراسی خۆشگوزەرانی ئابوری وبازاڕی ئازاد بەرهەمدەهێنێت (شەکەوت، ٢٠١٨، ل٣٤٩-٣٥٠).

بۆیە لە پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر ئیدارەی ئەمریکا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو بەهایانەی کە لە جیهاندا لە پێناویدا وەستابوو لەوانە: سەروەری یاسا، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی پەرستن، یەکسانی و دادپەروەری، و ڕێزگرتن لە خاوەنداریەتی تایبەت، بە مەبەستی ئاراستەکردنی فراوانکردنی ئازادی و گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە سەرانسەری جیهاندا (Scott-Smith & Martin Mos, 2009, p. 225).

ئەمریکا هەوڵەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕکردەوە، بە بیانوی دژایەتی تیرۆر، کە بونەتە سەرچاوەی نائارامی بۆ ئەمریکا، دیموکراتیزەکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئیدارەی ئەمریکا پێی وابووە بنبڕکردنی تیرۆر پێویستی بە بنبڕکردنی سەرچاوە فکری و ئایدۆلۆژیەکانی خودی تیرۆر هەیە، هەروەها پێویستی بە گۆڕینی ژینگەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە کە پاڵنەرە بۆ بڵاوبوونەوەی فکری توندڕەوی، لێرەوە هەوڵی دیموکراتیزەکردن ئەو پاڵنەرەیە کە ئامانجەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوور لە تیرۆر دابین بکات (شەکەوت ، ٢٠١٨، ل١١٧).

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی ئەمریکا خەمی نەتەوەکانی دیکە دەخوات؟ لەسایەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیدا جیهان پێکەوە بەستراوە ئەمریکاش ناتوانێت خۆی دابڕێت هەربۆیە هەر پێشهاتێک لەدەرەوەی وڵات ڕوودەدات، دەتوانێت لێکەوتەی پێشبینینەکراوی بۆ ئەمریکا هەبێت، هەروەها دیمۆکراسی ئەمریکا تەندروستتر دەبێت کاتێک وڵاتانی دیکە سیستەمی سیاسی هاوشێوە بگرنەبەر، تا ڕادەیەک ئەم باوەڕە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچونەیە وڵاتە دیمۆکراسیەکان بەرامبەر بە ئەمریکا دۆستانە دەبن .(Lynn-Jones,1998)لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە ئەمریکا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بەهاکانی خۆی دەدات.

بەرجەستەکردنی ئەم مافەش پێویستی بە سیستمێک هەیە کە ئازادی ڕادەربڕین، هەڵبژاردنی ئازاد و کێبڕکێ، میدیای ئازاد وسەربەخۆ و ڕێزگرتن لە مافی تاک و کەمینەکان، سەروەری یاسا، گەرەنتی بکات (Center for American Progress and Center for strategic and international studies, 2013, p6-7 ). لێرەوە ئەمریکا بازاڕگەریی بۆ ئەم بنەمایانە دەکات، لە ڕێگای دبلۆماسیەتی گشتییەوە بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێت کە داکۆکیکاری ئازادی و مافی تاک و کەمینەکانە لە هەر کوێیەکی دنیا بن، دواجار هەموو ئەمانەش لە پێناو ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژیەکانی ئەمریکادایە.

جگە لەمانەش لە ڕووی مافی مرۆڤ ودیمۆکراسیەوە بەهاکانی ئەمریکا سودی بۆ ئەو دەوڵەت و نەتەوانەش دەبێت کە ئەمریکا پشتگیریان دەکات، هەربۆیە بەلای ئەمریکیەکانەوە بڵاوبوونە وە ی ستە م و گە ندە ڵی و حوکمی تاک حیزبی، کە زاڵ بووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری کردووە لە سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەکان و ڕق و کینە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسایشی ئەمریکای خستوەتە مەترسیەوە، بەڵام لە ڕێگای پێشخستنی دیمۆکراسی و ئازادی یارمەتیدەر دەبێت لە نەهێشتنی تیرۆر و بڵاوکردنەوەی بەها لیبراڵەکان و چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا (الكعود،٢٠١٦،ص٧٩).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بە شێوەی جیاواز لە

چەند لایەنێکەوە  سودی لەو بەهایانە بینیوە کە ئەمریکا لە تەواوی جیهاندا کاری بۆ دەکات، بەتایبەتیش لە بڕیاری ٦٨٨ کە لەلایەن  ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە (UN Security Council, 1991).دەرئەنجامی بڕیارەکەش بڕیتیبوو لە دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین لە هێڵی (٣٦) بۆ ڕێگری لە سەرکوتکاریەکانی سوپای عێراق بەرانبەر گەلی کورد و هاتنی ڕێکخراوەکانی بۆ عێراق و کوردستان و گەڕانەوەی کورد بۆ سەر ماڵ وحاڵی خۆیان (ماڵپەڕی زەمەن،٢٠٢١). کەواتە بۆ کورد بڕیارێکی گرنگ بوو لەو سەردەمەدا و ئەو هەستە بۆ کورد دروستبوو کە ئەمریکا دەیانپارێزێت، دۆزی کوردی بردە قۆناغێکی نوێوە و لەساڵی ١٩٩٢ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و دامەزراندی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا (Bali, 2016).

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئەمریکادا ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دەرفەتێک بوو بۆکارکردن بۆ نەهێشتنی زوڵم و ستەمی دیکتاتۆری بەرانبەر گەلی عێراق، گەلی کوردیش لەم نێوەندەدا دەرفەتی کرانەوەی بەڕووی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی زیاتر بەخۆیەوە بینی. دروشمی ئەمریکا بریتی بوو لەوەی عێراق لە ناوچەکەدا بکاتە خاڵی وەرچەرخان بۆ گۆڕینی سیستەمە نادیمۆکراتەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروەها بە ئامانجی لەناوبردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان وبەرەنگاربونەوەی تیرۆرو دەستەبەرکردنی ئازادی و پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و بەدواداچونی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل کە ئەمانەش دەرفەتێک بوو بۆ سەپاندنی هەژمونی ئەمریکا (عبداللە،٢٠١٣-٢٠١٤،ص٣٥).

ئەمریکا بۆ ماوەیەک ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە گۆڕینی سیستمی سیاسی وئەنجامدانی هەڵبژاردن و دانانی دەستور و هاوسەنگی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان بەوەی هەموویان بتوانن لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا بەشداربن. بۆیە کورد بەشداربوو لە نوسینەوەی دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ و هەر لە پێشەکی دەستوردا کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق ناسراوە، و لە ماددەی ١١٧ دا هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمێک لەدەوڵەتێکی فیدراڵدا ناساندووە و هەروەها دیاریکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی دەستوور بۆی دیاریکراوە، لە ماددەی ٤ دا زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی ناساندوە لە پاڵ زمانی عەرەبیدا ،(دەستووری هەمیشەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی ٤ و ١١٧). سەرەڕای بەشداری کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ عێراق و پێکهێنانی حکومەت بەسازان و هەبونی نوێنەری کورد لە پەرلەمان ودامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا و بۆیەکەم جار لە هەمان ساڵدا کوردێک )جەلال تاڵەبانی( وەک سەرۆک کۆماری عێراق دیاری کرا، ئەم دەسکەوتانە بۆ کورد لە چوارچێوەی هەوڵەکانی دبلۆماسیەتی گشتی ئەمریکا دا بووە بۆ بانگەشەکردن بۆ دیمۆکراسی وڕێزگرتنی مافی تاک وپێکهاتە جیاوازەکان.

سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی بەڵام پرۆسەکە چەندین پاشەکشەی لێکەوتەوە، بەتایبەتی خراپ مامەڵەکردنی ئەمریکیەکان لەگەڵ زیندانییەکان لە ئەبوغرێب، دەستبەسەرکردنیان لە گوانتانامۆ  لەسەردەمی داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق، تەواو پێچەوانەی ئەو بەهایانە بوو کە ئەمریکا لە ژێر ناوی ئازادی ودیمۆکراسی ومافی مرۆڤ بانگەشەی بۆ دەکرد(Rugh, 2017,p5). (هەروەها چەندین کێشەیی یاسایی و دەستووری لەنێوان هەرێم و بەغداد بوونی هەیە، لەوانە پرسی نەوت وناوچە جێناکۆکان و هتد، بەڵام دانانن بە کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە عێراق و جێگیرکردنی بەشێک لە مافەکانی  لەدەستووری عێراقدا بۆ کورد لەو قۆناغەدا گرنگ بوون.

وێڕای ئەوەش لە پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ٢٠١٧ ئەمریکا هەڵوێستی فەرمی خۆی لە ڕێگەی هیزەر نۆرت (Heather Nauert) ەوە کە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە لە ماوەی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٩ دەربڕی بە دژایەتیکردنی پرسی ریفراندۆم، بەپاساوی ئەوەی ئەگەری ئاڵۆزبوونی کێشەکان لەناوچەکەدا زیاتر دەکات، ئەمریکا دژی ئەنجامدانی پرسی ڕیفراندۆمە (U.S. Embassy in Baghdad, 2017,a ).ئەمە سەرەڕای پاشەکشەی هێزەکانیان لە عێراق وئەفغانستان، بەهۆی زۆری زیانە مادی و مرۆییەکانی ئەو جەنگانە لەسەر ئەمریکا و هەروەها ئێستاشی لەگەڵدا بێت عێراق وئەفغانستان ڕووبەڕووی ئاستەکانی گەندەڵی وخراپبەکارهێنانی دەسەڵات و نەبوونی شەفافیەت و هتد بوونەتەوە، لەکاتێکدا بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی یەکێک بوو لە هۆکاری دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانە، لێرەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە پەرەپێدانی دیمۆکراسی لەو ناوچانەدا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا کراوەتە قوربانی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا، چونکە بارودۆخەکان ئەوەیان دەرخست کە ئەوەی دەستبەری مانەوە و ئامانج وبەرژەوەندیە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەکات ئەکتەرە بەهێزەکانی ناوچەکەیە نەک گۆڕینی ڕژێمە نادیمۆکراسیەکان بۆ دیمۆکراسی، ئەم لێکدانەوەش بەمانای کەمکردنەوەی پرسی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ نییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بەڵکو دەکرێت لە قۆناغی جێگیرکردنی ئاسایشی خۆیدا زیاتر هەوڵی دیموکراتیزەکردن بدات.

## داخوازی سێیەم:
## بەها ئابورییەکان

ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەن ئابورییەکی بەهێزە، سیستمی ئابوری بە پلەی یەکەم سەرمایەدارییە: واتە خاوەندارێتی تایبەت لە موڵک و بەرهەمهێنان و کێبڕکێی کراوە و هاندانی تاکەکەسی، لە هەمانکاتدا پەیڕەوی بازاڕی ئازاد بۆ ئازادی ئاڵوگۆڕی کاڵا و سەرمایە دەکات، لەسەرەتادا ئەمریکا بەتەواوی پەیڕەوی بازاڕی ئازادی کردوە هەنگاو بە هانگاو کاری بۆ ئەوە کردوە هەندێک بواری کەرتی تایبەت بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە بە هەندێک دەستێوردان و ڕێکخستنەوە (Nicholas, 2022).

ئەم گۆڕانکاریانە لە ئابوری لیبراڵیزمی کلاسیکیەوە بۆ لیبراڵیزمی نوێ بواری بۆ دەستێوەردان کردوەتەوە و سیستەمێکی ئابوری تێکەڵاوی بەرهەمهێناوە، کە تایبەتمەندییەکانی هەردوو سیستمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی تێدایە، سیستمی ئابوری تێکەڵاو بەشێک لە موڵک و ماڵی تایبەت دەپارێزێت و ڕێگە بە ئاستێکی ئازادی ئابووری دەدات لە بەکارهێنانی سەرمایە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە حکومەتەکان دەدات دەستوەردان لە چالاکییە ئابوورییەکان بکەن لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و چاکەی گشتی، ئەمریکاش وێڕای ئەوەی بازاڕی ئازاد لەخۆدەگرێت لەهەندێک بواری وەك پەروەردەو تەندروستی و ڕێگەوبان و ڕێکخستنی باج و پێدانی قەرز بە بازرگانان، دەستێوەردان دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی.(Ross, 2021)

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی جەنگی ساردا سەرمایەداری وەک دروشمێک بۆ دژایەتی یەکێتی سۆڤیەت و سیستمە ئابوریەکەی بەکاردەهێنا، کە سیستمی سۆسیالیزمەوە کۆنترۆڵی تەواوی کایە ئابورییەکان لەلایەن حکومەتەوە کراوە، تەنانەت بەلای ئەمریکییەکانەوە یەکێک لە هۆکارەکانی شکستپێهێنانی یەکێتی سۆڤیەت بریتی بووە لە قبوڵنەکردنی سیستمی سەرمایەداری.( Marks, 2012,p161)

ئەمریکا هانی هاوپەیمانەکانی خۆی دەدا بۆ ئەوەی ئەو سیاسەت و بەها ئابوریانە پەیرەوبکەن کە ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکرد بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و هەناردەکردن و بازاڕی ئازاد، بەڵام هەندێک لە هاوپەیمانەکانی کە سیاسەت و بەهاکانی

ئەمریکایان پەیرەوکرد ڕووبەڕووی قەیرانی ئابوری بوونەوە .(H. Dugger, 2008) کە بە قەیرانی دارایی ئاسیا لە ساڵی١٩٩٧ ناسراوە، هەندێک لە دەوڵەتەکانی وەک تایلەند و ئەندەنوسیا و کۆریای باشور و یابان، پشتیان بە هاوکاری و کۆمەکی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەستبوو بۆ بوژانەوەی وڵاتەکانیان و ڕزگاربوون لەو گرفتە ئابوریانە کە بەهۆی سیاسەتە ئابوریەکانی ئەمریکاوە بۆیان دروست بوو (The Federal Reserve History, 2013 ). ئەمەش دەریدەخات کە دۆخی ئەو وڵاتانە بۆ ئەو بەها وسیاسەتانەی کە ئەمریکا بانگەشە و پاڵپشتی بۆ دەکرد گونجاو نەبوون.

لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و گۆڕینی سیستمی دوو جەمسەری بۆ سیستمی یەک جەمسەری بە سەکردایەتی ئەمریکا، هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فراوانتربوو، بە مەبەستی گۆڕینی پەیکەری سیستمی ئابوری ئەو وڵاتانە لە ئابوری سۆسیالیستی بۆ ئابوری لیبراڵ ودەستەبەرکردنی سەرچاوەی وزە و کردنەوە و فراوانکردنی بنکە سەربازییەکانی بەبێ ڕێگری سۆڤیەت (محەمەد، ٢٠٢١). ئەم سەرکەوتنانەی ئەمریکا وای لە زانای سیاسی ئەمریکی) فرانسیس فۆکۆیاما، (Francis Fukuyama، کرد کە تێزی "کۆتایی مێژوو" بخاتە ڕوو وەک پاڵپشتیەک بۆ سەرکەوتنەکانی ئەمریکا و خاڵی کۆتایی لە پەرەسەندنی ئایدۆلۆژیای مرۆڤایەتی و گشتگیرکردنی دیمۆکراسی لیبراڵی وەک فۆرمی حوکمڕانی کۆتایی مرۆڤایەتی ڕاگەیاند(Fukuyama, 1989, p 1-2) .

سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا بەردەوام کار لەسەر ناو و وێنەی خۆی لە ڕووی ئابورییەوە لە جیهاندا دەکات، و ئابوری ئەمریکا بە یەکێک لە بزوێنەرەکانی گەشەی ئابوری جیهان دادەنرێت، بەڵام کاریگەری قەیرانی ئابوری هاوپەیمانەکانی لە ئاسیا بە جۆرێک بوو کە بوو بەهۆی خاوبونەوەی هەناردەکردن چ لە ئاسیاوە بۆ ئەمریکا یاخود بە پێچەوانەوە، ئەمەش ئابوری ئەمریکای ڕوبەڕوی گرفت کردەوە، بەتایبەتیش لەگەڵ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بۆ سەر پێنتاگون و ناوەندی بازرگانی جیهانی، کە بووە هۆی کەمبونەوەی متمانەی وەبەرهێنەران و زیادبونی بێکاریی و دابەزینی قازانجی کۆمپانیاکان و زیاتر چالاکیە ئابوریەکانی لە ئەمریکا پەکخست-Pandey,2004,p93) 94 .(بەم جۆرە ئەو تێزەی فۆکۆیاما بۆ ئەمریکا ومرۆڤایەتی خستبیە ڕوو زۆری نەخایاند و کەوتە ژێر پرسیارەوە بەهۆی ڕوداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و دەرکەوتنی چین و دوبارە دەرکەوتنەوەی ڕوسیاو چەندین پێشهات وگۆڕانکاری دیکە، چیدیکە ئەمریکا وەک تاکە هێزی سیاسی وئابووری ئایدۆلۆژی نەمایەوە، و هێزی دیکە دەرکەوتن کە کێبڕکێی لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن.

ئەم بارودۆخانە دەرفەتیک بون بۆ ئەمریکا کە لە ڕێگای دبلۆماسیەتی گشتی و بە پێشکەشکردن ودابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە بینەرانی بیانی پێویستیانە، وبەرژەوەندیەکانی خۆیانی تیا دەبیننەوە کار لەسەر بوژانەوەی ئابوری ئەمریکا بکەن. لەم چوارچێوەیەشدا لە پاش هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامانجە ئابوریەکانیشی لە ناوچەکەدا چڕکردەوە، بەو پێیەی ناوچەیەکە بە "دڵی بازاڕ" ناسراوە و سەرمایەی سروشتی ومرۆیی زۆری تیدایە، وێڕای ئەوەی هەوڵە دبلۆماسیەکانی ئەمریکا ڕۆڵی هەبووە لە بوژانەوەی ئابوری زۆرێک لە وڵاتە عەرەبیەکان لەسەردەمی جۆرج بۆشی کوڕدا، نزیکەی ١٧٤ ملیۆن دۆلار بۆ بوژانەوەی ئابوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخانکراوە، ئوردن نمونەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا ڕێکەوتنی بازرگانی ئازادی لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵدا کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ڕێژەی هەناردەکردن لە ئوردنەوە بۆ ئەمریکا ٤١٢ ملیۆن دۆلار بووە، لەکاتێکدا لە ساڵی ١٩٩٨ تەنها ١٦ ملیۆن دۆلار بووە، جگەلەوەش ڕێکەوتنەکە بووە بەهۆی جۆراوجۆر بوونی پیشەسازیەکان لە ئوردن ودەستڕاگەیشتنی بە بازاڕەکانی ئەمریکا بۆ هێنانی کاڵاو شمەک، بێجگە لە ئوردن، بەشێک لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی هەناردەکردنی کاڵا وخزمەتگوزاری بوون بۆ ئەمریکا (The Washington Institute for near east policy, 2003).گرنگی ڕێکەوتنە بازرگانیەکانی ئەمریکا لەم ناوچانەدا هەرچۆنێک بێت، لە ڕووی ئابوریەوە دەکرێت ببێتە هۆی بوژانەوەی ئەو وڵاتانە، لەهەمانکاتدا نمونەیەکی ئابوری لە ناوچەکەدا پێشکەشدەکەن کە ئەمریکا پلانی بۆ کێشاوە.

گرنگیدانی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتە خانەی ئاسایشی وزەوە؛ چونکە بە بێ بوونی سەرچاوەکانی وزە ئەمریکا ناتوانێت لە کێبڕکێ و باڵادەستی بەردەوام بێت وئاسایشی ئابوری بپارێزێت، لەم ڕووەوە چەن ئامانجێکی لەدەستبەسەراگرتنی نەوت لە جیهان ورۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە لەوانە:

یەکەم-پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوخۆ بەنرخێکی هەرزان، چونکە ئەمریکا پێویستی بە ٣/١ سەرچاوەکانی وزە هەیە لە جیهاندا بۆ پیشەسازی وسەرمایەداری و وەبەرهێنان، ئەگەر چی بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا لە ئێستادا ئەمریکا بۆ ئەو برە کار لەسەر دەرهێنانی نەوتی وڵاتەکەی و پشت بە دراوسێکانی دەبەستێت، بەڵام سەرچاوەکانی ووزە لەم ناوچانە گرنگی خۆیان هەیە لەبەر خاڵەکانی دواتر.

دووەم-ڕێگە لە باڵادەستی هەر هێزێکی هەرێمی ونێودەوڵەتی بگرێت کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی نەوت بکەن، چونکە باڵادەستی ئەمریکا بەسەر سەرچاوەکانی ووزەدا مانای هەژمونی ئابوری ئەمریکایە لە جیهاندا بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

سێیەم- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە وەک کارتێکی فشار لە دژی هێزە بەرهەمهێنەرە هەرێمیەکان بۆ ئەوەی پابەند بن بە سیاسەت و بەرژەوەندی ئابوری ئەمریکاوە، لە هەمانکاتدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی نرخ وهۆکارەکانی گواستنەوەی ووزە بکات ولەو ڕێگەیەوە هەژموونی خۆی بەسەر چین و ڕوسیادا بسەپێنێت(شەکەوت ،٢٠١٨،ل٣٣١-٣٣٢). ئەگەر چی هەنوکە بەهۆی شەڕی ڕوسیاو ئۆکرانیاوە کەبووە بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەم و بەرزبوونەوەی نرخ، ئەمریکا کێشەی لەگەڵ سعودیەو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپیک هەیە کە ئامادە نین بەرهەم زیاد بکەن بۆ ئەوەی نرخ دابەزێت (Bland, 2022).ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەمریکا ناتوانێت بەتەنها نەوت وەک کارتێکی فشار لەدژی ئەوانی دیکە بەکاربهێنێت.

لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەست بە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە ئەمریکا سەرەڕای ئامانجە سیاسەیەکانی ئامانجی ئابوری هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە کانزاو سەرچاوەی سروشتی ونەوت کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ووزەی جیهانە، سەرەڕای هاوبەشی بازرگانی و ئابووری نێوان ئەمریکا وعێراق، لەبەیاننامەی کەشوهەوای وەبەرهێنان لە عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٢بەرپرسانی ئەمریکا بازاڕی ئابوری کوردستان بەباشتر دەبینن بۆ وەبەرهێنان، بەهۆی ئەوەی ژینگەیەکی سەقامگیرترە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق .(U.S. Department of State,2022,a) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا وێڕای بوونی کۆمپانیاکانی لە هەرێمی کوردستان کە بونەتە بازاڕێک وسەرچاوەی ووزە بۆ ئەمریکا لە ڕوانگەی نەوتەوە سەیری کێشەی کورد ناکات، بەڵکو لە ڕوانگەی بەرژەوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە دەڕوانێتە کوردستان،بەڵگەش بۆ ئەمە لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە قازانجی گەورەی ئابوری لە نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن بە ئەمریکاشەوە دژایەتی ئەم پرۆسەیان کرد (شەکەوت ،٢٠١٨،ل٣٣٣-٣٣٤).

هەروەها پاش ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ١٥ی ٨ی ٢٠٢٢ یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بە "نادەستووری" ناساند،

ئیدارەی ئەمریکا لەڕێگەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە بەناوی نید پرایس Ned) (Priceەوە ڕایگەیاند کە حکومەتی ئەمریکا وێڕای بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ عێراق لە هەرێمی کوردستانش بەرژەوەندی هەیە، هەربۆیە هەر ناکۆکیەک لەم نێوەندەدا ئەگەری هەیە زیان بە هەموان بگەیەنێت بۆیە ئەمریکا هانی گفتوگۆ دەدات بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان بە ڕێگای یاسایی کە سودی بۆ هەموو گەلی عێراق هەبێت و ئاسایش وئارامی وڵات بەهێزتربکات لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا (U.S. Department of State,2022,b).

لێرەشدا دەردەکەویت کە ئەمریکا بەگوێرەی هەلومەرجەکان بڕیار لەسەر پرسەکان دەدات لەڕێگەی پەرەپێدانی بەها ئابوریەکانیەوە کار بۆبەرژەوەندیە نیشتیمانی وستراتیژیەکانی خۆی دەکات و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەڕوانێتە پرسەکان لە جیهاندا، دەیەوێت باڵادەستی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت و ئاسایشی ئابوری خۆی بپارێزێت وخواست لەسەر کاڵاو بەرهەم ودۆلاری ئەمریکی لە جیهان زیاتر بکات، لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵەکان وبڕیارەکانی ئەمریکا هەرچۆنێک بێت هەرێمی کوردستان سودی لەتەکنیک وتەکنۆلۆژیای نوێ بینیوە لە بواری سەرچاوەکانی ووزە و بەبازاڕکردنی و دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی وئابوری لەگەڵ وڵاتان.

## داخوازی چوارەم:
## بەها کلتوریەکان

هەناردەکردنی کولتوور و گۆڕانکاری کولتووری خاڵی لە پێشینەی ئەمریکایە، کلتوریش وەک لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکرا ئەو بنەما یان ئایدیاڵە سەرەکیانەن کە تەواوی کۆمەڵگایەک یان کۆمەڵگایەک لە دەوری بنیات دەنرێت. لەماوەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا دبلۆماسیەتی کلتوری ئەمریکا بەنهێنی لەلایەن دامودەزگاکانی ئەمریکاوە کاری بۆ کراوە، زیاتر لە چوارچیوەی پروپاگەندەدا کاری دەکرد Kim,) 2017,P311.(لەسەردەمی جەنگی ساردا ئەمریکا بەمەبەستی بەدەستهێنانی بیرو هەست و سۆزی هاونیشتمانیان لە سیستمی کۆمۆنیستی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لە ڕێگەی دبلۆماسیەتی کلتوری(Cultural Diplomacy) ەوە لە چوارچێوەی دبلۆماسی گشتیدا زیاتر کاری بۆ بەها کلتوریەکانی دەکرد .(Osgood, 2010,p6) ئەمەش بۆئەوەی بزانن ئەم کۆمەڵگایانە چی بەلایانەوە گرنگە تاوەکو ئەوان بتوانن لەڕێگەی هانادەکردنی بەهاکانی خۆیان و تێگەیشتن لە داواکارییەکانیان بەسود وەرگرتن لە ئامرازە جۆراوجۆرەکان کار لەسەر جەماوەری ئەو وڵاتە بکەن.

لە کۆتایی جەنگی ساردەوە ئەمریکا پاڵپشتییەکانی بۆ دبلۆماسیەتی کلتوری کەمککردەوە، بەڵام ١١ی سێپتەمبەر جارێکی دیکە گرنگی دبلۆماسی کلتوری و گەیاندنی بەهاکانی ئەمریکای بۆ جیهان دەرخستەوە. هەروەها ناوەڕۆکی دبلۆماسیەتی گشتی ئەمریکای فراوانتر کرد و شەڕی تیرۆر(war on terror) ی کرد بە هێمایەکی کلتوری ئەمریکا کە بانگەشەی ئازادی دەکات دەتوانێت لە ڕێگایەوە سەرکردایەتی جیهان بکات (United States. Advisory Committee on Cultural Diplomacy, 2005, p1).

ئەمریکا بە ستراتیژیەکی فراوان بە پشت بەستن بە ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیاو هەڵمەتە کردەییەکان بۆ گەیاندنی بەها کلتوریەکانی خۆی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کاردەکات، بۆ ئەم مەبەستەش نوسەر و ڕۆژنامەنووس) ماشیۆ فرایزەر، (Matthew Fraser پێی وایە سەرەڕای هێزی مادی و ڕەق سودی لە هێزی نەرم و کلتوری بینیوە بۆ سەرنجڕاکێشانی جیهان بۆ بەهاو کلتور ونۆرمەکانی ئەمریکا، هێزی نەرمیش خواستی جیهانی لەسەر کاڵاو مۆسیقا وخواردن وبەهاو بیروباوەڕەکانی ئەمریکا زیاتردەکات لەکاتێکدا مشتومڕیان لەسەرە لەوەی کە باشن بۆ جیهان یاخود نا (Mirrlees, 2016,p17.

ئالان هونتەر، Alan Hunter پرۆفیسۆری توێژینەوەی ئاسیا لە زانکۆی کۆڤێنتری بەریتانیا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ژیانی بازرگانی، بازاڕکردن، بەڕێوبردن، براندکردن، بەشی زۆری ئایکۆنە کلتوریەکان، خواردن وجلوبەرگ، بڵاوکردنەوەی زمانی ئینگلیزی، پەروەردەو گەشتیاری و میدیا، لە بنەڕەتدا لەسەرانسەری جیهاندا بە ئەمریکی کراوەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامی ئەمریکا هەڵدەگرن، ئەمەش بۆ لێهاتووی ئەمریکا دەگەڕێتەوە لە چۆنیەتی هەناردەکردنی هێزی نەرم وکلتوری خۆیان بەناوی براندی نێودەوڵەتی وپشتگیریکردن لە دیمۆکراسی ومافی مرۆڤ (Hunter, 2009,p390).

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمریکا لە هەناردەکردنی بەها کلتوریەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی کاردانەوەی جیهانی و ناوخۆی بوەتەوە لە سایەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێدا کە جەماوەری ناوخۆ ڕۆڵدەگێڕێت، هەندێک کات وێنە نەرێنییەکانیش دەگوازرێنەوە، بۆ نموونە لە ساڵانی ٢٠١١ و٢٠١٢ لە ساڵیادی ١١ی سێپتەمبەردا لە ئەمریکا چەند هاوڵاتیەک دژایەتی خۆیان بۆ ناشرینکردنی ئاینی ئیسلام ڕاگەیاندووە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی "ئیسلامۆفۆبیا" ئەم کارانەش وێنەی هێزی نەرمی ئەمریکایان لە جیهانی ئیسلامی خستوەتە ژێر پرسیارەوە کە بانگەشەی ئازادی ئاینی و لێبوردەیی دەکات (Rugh, 2017,p4).

هەروەها ئەنتەرنێت پرسی جیهانگیری بە هەڕەشەیەکی جدی دەزانن لە کاڵبوونەوەی کولتوری نیشتیمانی کە دەبێتە هۆی لە ناوچونی تایبەتمەندی و بەها نیشتیمانییەکان، ئاشناکردنی کۆمەڵگاکان بە هەندێک بەها کە لەگەڵ داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگایانەدا گونجاو نیە، درز لە پەیکەری کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری کۆمەڵگاکاندا دروستدەکات (غيري، والآخرون، ٢٠٢١، ص١٩٦-١٩٧ ). لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵەرانی ڕۆژهەلات و وڵاتە موسوڵمانەکان جیهانگیری وەکوو هەڵمەت و شەپۆلێکی کلتوری داگیرکاری ئەمریکی دەزانن (رفيق، ٢٠٠٧،ص٩). توێژەر پێی وایە ئەگەر ئەم بۆچونانەش ڕاستبن، بەڵام هەریەکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتی کرانەوەی زیاتریان بەخۆیانەوە بینووە کە یارمەتیدەریانە بۆئەوەی ئاگاداری ڕووداو و پێشهات و پەرەسەندکانی جیهان بن.

لە بەرانبەردا توێژەرانی ڕۆژئاوا گۆڕانکاری کولتوری و بەهاو کلتوریکردنی ئەوانی تر بە دەسکەوتێکی گەورە دەزانن، لەم بارەیەوە جۆزێف نای پێی وایە: ئەگەرخەڵکی تێڕوانینی باشییان هەبوو بەرامبەرت ئەوکات کاڵاکانت ئەکڕن، بەرهەمەکانت بەکاردەهێنن، متمانە بە بەرهەمەکانت دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی وڵاتەکە لە زۆربەی بوارەکاندا (بشير، ٢٠١٠، ص٢٨٠). هەربۆیە لە بەرکردنی جلوبەرگی ئەمریکاو و خواردنی ماکدۆناڵ و خواردنەوەی پێپسی و بەکارهێنانی براندەکانی ئەمریکا، لە لایەن ئەوانی ترەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەمریکا، چونکە ئەوانی تر کاریگەر دەبن بە ئەمریکا و سیاسەت و هەنگاوەکانی ئەمریکا بەگشتی بە گونجاو دەزانن و لەم نێوەندەشدا دبلۆماسیەتی گشتی و دبلۆماسییەتی گشتی نوێ ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە هەنارده کردنی بەهاو کولتووردا.

## باسی دووەم:
## میکانیزمەکانی دبلۆماسیەتی گشتی نوێی ئەمریکا

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو میکانیزم و ئامرازانەی کە بەهاو ئامانجەکانی ئەمریکا بەدیدەهێنن، واتە ئەو میکانیزمانەی بەشێوەیەکی کردەیی ئەمریکا بەرێگاو پاساوی جیاجیاوە لە چوارچێوەی هەماهەنگی ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی دامەزراوە حکومی و تایبەتەکانی ئەمریکاوە.

شایانی ئاماژەیە کە ئیدارەی ئەمریکا بۆ باشترکردنی دبلۆماسیەتی گشتی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە گرنگی بە سەردانی سەرکردەکان دەدات چ لەسەر ئاستی حکومەت بێت یاخود لەسەر ئاستی دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت بێت، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دیکە .(Nakamura & Weed, 2009, p35) پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە ئەگەر چی بەردەوام بەرپرسانی سەربازی و ئیداری ئەمریکا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها ئامادەبوونی کۆنسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر و کۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی حوکمی و چین و توێژە جیاوازەکان گرنگی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ لە چوارچێوەی کردەیدا دەردەخات چونکە ئەم سەردانانە گرنگن بۆ ئاسانکاری لێکتێگەیشتن و دروستکردنی هاوپەیمانی و بەستنی پەیوەندی بازرگانی وهتد.

بەڵام سەرەڕای میکانیزمی سەردانەکان لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین میکانیزمەکان بەم شێوەیە دابەشبکرێن: داخوازی یەکەم: ئاڵوگۆڕی زانستی و پەروەردەیی و کلتوری، داخوازی دووەم: پاڵپشتیکردنی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەی مەدەنی، داخوازی سێیەم: هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی و ئاسایش، داخوازی چوارەم: بازرگانی و ئابوری، داخوازی پێنجەم: میکانیزمی ئاڵوگۆڕی زانیاری.

### داخوازی یەکەم:
### ئاڵوگۆڕی زانستی و پەروەردەیی و کلتوری:

لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ئەرکی سەرەکی ئاڵوگۆڕە پەروەردەییەکان بریتیە لە: فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکان، کەمکردنەوەی گرژیەکان، کەمکردنەوەی هەڵە تێگەیشتنەکان، نیشاندانی توانایی وبەهاکان لەکاری هەماهەنگیکردن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا .(Bean, 2015,p34) لەبەرئەوە دەستپێشخەرییەکانی پەروەردە و بەرنامە ئاڵوگۆڕە زانستی و پەروەردەیی و کلتورییەکان، لە دڵی دبلۆماسیەتی کلتوری ئەمریکادا وەستاون (Jackson& Viačorka, no date,P14). ئەم بەرنامانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی وێنەی ئەرێنی سیاسەتی ئەمریکا لە جیهاندا. حکومەتی ئەمریکا لە ڕێگەی پرۆگرامی جیاجیاوە ئەم ئاڵوگۆڕانە ئەنجام دەدات و بەناوبانگترینیان:

یەکەم: پرۆگرامی فولبرایت (Fulbright) کە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە کارئاسانی بۆگەنجان و خوێندکارانی جیهان دەکات تاوەکو بچنە ئەمریکا، هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بدەن، لە هەمان کاتیشدا ئاشنا ببن بە بەهاو کلتوری ئەمریکا (Dynes, 1987,P2). لەسەردەمی جەنگی ساردا ئەمریکا بە سود وەرگرتن لەم پرۆگرامە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی برەو بە ئازادی بدەن و ڕەوایی و هاوسۆزی بۆ سیستەمی سەرمایەداری بەدەستبهێنێن .(Atkinson, 2010,P.2-3) تا ئەمرۆش ئەم پرۆگرامە بەردەوامە و بە نزیکەی زیاتر لەگەڵ ١٦٠ وڵاتدا هاوبەشی دەکات و زیاد لە ٤٠٠٠ دەرفەتی لە بوارە جیاوازەکاندا ڕەخساندووە (Bureau of Educational and Cultural Affairs,2023) .

دووەم: پرۆگرامی ئایرێکس (IREX) کە لە ساڵی ١٩٦٨ تا ئەمرۆ بەنزیکەی لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا لەڕێگەی بەرنامە پەروەردەییەکانەوە کاردەکات بۆ پێگەیاندنی گەنجان، سەرکردەکان، بەهێزکردنی دامەزراوەکان.( IREX, 2022)

سێیەم: هاندان و بەرنامەدانان لەلایەن ئەمریکاو کۆنسوڵخانەکانیەوە بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ هاوڵاتیانی بیانی، وەرگێڕانی چاپکراوە ئینگلیزیەکان بۆ سەر زمانە بیانیەکان، لە چوارچێوەی ئاڵوگۆرە پەروەردەییەکاندا، دەبێتە هۆی بنیاتنانی پەیوەندی درێژخایەن ونیازپاکی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا.(Nakamura& Weed, 2009, p.48)

چوارەم: ئەمریکا لە ڕێگای پەروەردەکردن و کردنەوەی خولی هۆشیاری یارمەتی دارایی وئاڵوگۆڕکردنی ژنانی سەرکردە لە وڵاتانی جیاجیاوە بۆ ئەمریکا کار لەسەرتواناسازی ژنان دەکات، چونکە لە توێژینەوەی لیژنەی هەماهەنگی سیاسەت بۆ دبلۆماسیەتی گشتی و پەیوەندی ستراتیژی (ئەمریکا)، دا هاتووە، کاتێک ژنان پەروەردە دەبن و بەهێز دەکرێن، دەبنە کاریگەرترین بکەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی، ئەمەش بۆ ئەمریکا میکانیزمێکی گرنگ وکارایە بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا (Policy Coordinating Committee on Public Diplomacy and Strategic Communication (US), 2007,p4).

پێنجەم: ئاڵوگۆڕە هونەرییەکان ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی هەڵوێستی ئەرێنی و گەیاندنی پەیامەکان وبەها کلتوریەکان ودروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش، گەشتی مۆسیقا وتیپی جاز ورۆکی ئەمریکی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا و یەکێتی سۆڤیەت نمونەیەکی دیاری ئاڵوگۆڕە کلتوریەکان بووە کە سەرەڕای دژایەتی کردنی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بەڵام بووە بەفۆرمێکی باوی مۆسیقا و هێمای ئازادی لەو سەردەمەدا (Grincheva,2010,p174).

شەشەم: هەناردەکردنی خواردن وخواردنەوەکانیش لەلایەن ئەمریکاوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی وێنەی ئەمریکا لە دەرەوە، لەوانە براندی ماکدۆناڵدز وپێپسی وەک نمونەی باڵوێزی کلتوری ئەمریکا ناسراون لە جیهاندا.(Alexander,2013,P4)

حەوتەم: گرنگی بە بەرنامەی ئاڵوگۆڕکراوەکان لە بوارەکانی وەرزش وگەشتیاری وشوێنەوار و ئاینی و ژینگە و ڕێزگرتن لە کولتورو هونەر ومێژووی ناوخۆی وڵاتان لە ڕێگەی هاوبەشی کلتوری و هونەری، بەرنامە خێرخوازیەکانی لەو میکانیزمانەن کە دەتوانێت بەهاو بیروباوەرەکانی ئەمریکا کاریگەرتربکات (Policy Coordinating Committee on Public Diplomacy and Strategic Communication (US), 2007,p7). هەموو ئەم هەوڵانەی ئەمریکا بەسود وەرگرتن لە میکانیزمە جیاوازەکان، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە پێگەیاندنی گەنجان و کەسانی ئەکادیمی لە وڵاتان کە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە برەو پێبدات و ئەو دەستە بژێرانە بە کلتور و بەهای ئەمریکا ئاشنا بکات، ئەڵبەت لەپاڵ ئەمانەشدا توانای دارایی ئەمریکا و پێشکەوتنی زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی ئەمریکا سەرچاوەیەکی سەرەکیە لە ڕاکێشانی گەنجان ویارمەتیدانی ناوەندە زانستی وئەکادیمیەکان لە جیهاندا، کە لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتان بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە زانکۆ و ناوەندی زانستی وئەکادیمی بەناوی ئەمریکاو لە ژێرسەرپەرشتی ئەمریکا دا کراونەتەوە، بۆ کاریگەربونی سیاسەت وچالاکیەکانی ئەمریکا لەو ناوچانەی مەبەستیەتی.

ئەم هەوڵ و بەرنامانەش نمونەی هێزی نەرمی ئەمریکا نیشاندەدەن، کەهاوکارە لەبەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژیەکانی ئەمریکا و لەهەمانکاتدا بەخشندەیی ئەمریکا نیشاندەدات و وەک داکۆکیکاری ئەم تایبەتمەندیانە دەیناسێنێت لە جیهاندا، سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی دەبێت لە برەودان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە جیهاندا،

لەهەمانکاتدا ژمارەیەک لە (وڵاتان و گەلان و ڕێکخراوەکان) سودمەنددەبن و ئەم بەرنامە جیاوازانە ڕۆڵێکی ئەرێنیان دەبێت لە جێگیرکردن و برەودان بە بەهاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و حوکمڕانی دروست لە جیهاندا، هەروەها باشترە بەردەوام ئەم بەرنامانە فراونتر بکرێت، بەتایبەت ئەو بوارانەی کە لەسەرانسەری جیهان گرنگی تایبەتی بۆ خەڵک هەیە.

**داخوازی دووەم:**
**پاڵپشتیکردنی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵگەی مەدەنی**

ئەمریکا بەردەوام پاڵپشتی دارایی و لۆجستی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان دەکات. لەم نێوەندەشدا کۆشکی سپی هەر لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان (Ronald Reagan) ەوە لە ڕێگای دبلۆماسیەتی گشتی وتەرخانکردنی یارمەتی دارایی بۆ ڕۆژنامەنوسان کاری دەکرد(Sharp & Geoffrey, 2012, p.152). وێڕای ئەوەی ئەمریکا پاڵپشتی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانی ئەو وڵاتانە دەدات کە لە قۆناغی دیموکراسی ڕاگوزەردان و ئامانجی سەرەکی ئەمریکا بریتیە لە فراوانکردنی پانتایی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین کە دوو بەهای سەرەکی ئەمریکان. لەو سۆنگەیەوە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا لەڕێگای دبلۆماسیەتی گشتی و ڕۆژنامەگەریەوە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی لە دەرەوەی وڵات دەدەن.(Lipien, 2011)

وێڕای ئەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی کردنەوەی خول و ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسان پێشوازی لە ڕۆژنامەنووسان دەکات و کار لە سەر پرسی ئازادی دەکەن و زۆر جاریش لە شێوەی گوتاری کۆنسوڵخانەکان هەڵوێستیان بەرامبەر مافی ڕۆژنامە نووسان پرسی ئازادی میدیای و ئازادی ڕادەربڕین پاڵپشتی خۆیان بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری ومیدیا لە جیهاندا دەردەبڕن، نمونەی ئەمەش ئەمریکا پشتگیری لە ئازادی ڕادەربڕین دەکات لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە بناغەی دیموکراسی وڵاتەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار لە ڕێگەی گوتاری کۆنسڵخانەکانییەوە دژایەتی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژنامە نوسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕاگەیەندووە کە وەک ئاماژەی بۆدەکەن هۆکارێکە بۆ پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا U.S. ) Embassy in Baghdad, 2017,b).هەموو ئەمانەش لە پێناو گرنگیدان بە مافی مرۆڤ وئازادی و بەرەوپێشەوەبردنی سیاسەتەکانی ئەمریکادایە کە لە جیهاندا کاری بۆ دەکات، چەندین نمونەی پاڵپشتییە داراییەکانی ئەمریکا بۆ ڕاهێنان و پاڵپشتیکردنی ئازادی و سەربەخۆی میدیاکانی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە کە لە خاڵی چوارەمدا لە چوارچێوەی پاڵپشتیە داراییەکانی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باسدەکرێت.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا کە بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە لە گواستنەوەی بەهاکانی ئەمریکا بۆ جیهانی دەرەوە و بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەدوای ئەو زیانە ماددی و مرۆییەی کە ئەمریکا لە جەنگەکانی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی بویەوە، هەروەها لەگەڵ زیادبوونی گرنگی ڕای گشتی لەسەردەمی گواستنەوەی زانیاری و بوونی پەیوەندی کۆنسوڵخانەکان لەگەڵ ئەم جۆرە بکەرانەدا بوون بە ئامرازێکی کاراو کاریگەر (عبد الله، ٢٠١٣-٢٠١٤،ص٦٨-٦٩).

لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا پاڵپشتی دارایی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕێکخراو و فەرمانگەکانی ئەمریکاوە وەکو سەرچاوەیەکی دارایی پێشکەش بە کەناڵ و ڕێکخراوە جیاجیاکانی ئەو وڵاتانە دەکات کە بە قۆناغی دیموکراسی ڕاگوزەردا هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێن و هەندێ جار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش سپۆنسەری ڕێکخراوەکانی ئەمریکا یان وڵاتانی تر دەکرێت، بۆ ئەوەی هاوکاری هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی ئەو حکومەتانە بکەن لە چوارچێوەی دیموکراتیزەکردندان، سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) نمونەی یەکێکە لە ڕێکخراوە ناحوکمییەکانی ئەمریکا کەلەساڵی ١٩٨٢ دامەزراوە و ئامانجیان برەودانە بەپرۆسەی دیموکراسی لە جیهاندا، لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەی کە هاوکارییەکانی ئەمریکا بەناوی هەوڵەکانی دیموکراسی لە دەرەوەی وڵات باش دەبێت هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ ئەوانەی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ئازادی و خۆبەڕێوەبەری خەبات دەکەن .(Lowe,2022 ) بێجگە لە (NED) هەریەکە لە دامەزراوەی نیشتمانی دیموکراتی (NDI) و دامەزراوەی نێودەوڵەتی کۆمارییەکان (IRI) و ماڵی ئازاد (Freedom House) نمونەی دیکەی ئەو ڕێکخراوە ناحوکمیە ئەمریکیانەن کە لە جیهان و وڵاتانی عەرەبی کاردەکەن بۆ پێشخستنی چەمکەکانی دیموکراسی وئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا لەو ناوچانەی ئامانجیەتی(عبد الله، ٢٠١٣-٢٠١٤،ص٧٠).

وێڕای یارمەتیدان وکارکردنی لەگەڵ تاک وبکەرەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکان، چونکە هەماهەنگی کردن حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ ئەم جۆرە پەیوەندیکەرانەدا وەک هەردوو توێژەر Kennon H. Nakamura, Matthew) C. Weed)ئاماژەی بۆدەکەن ڕۆڵی دەبێت لە گەیاندنی پەیامەکان بە ڕوونی بە زۆرترین جەماوەر، لەهەمانکاتدا دەرفەتی دروستکردنی پەیوەندی کاریگەر بۆ ئەمریکا دەڕەخسێنن .((Nakamura & Weed, 2009,p52 بێگومان ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی ڕاگوزەردان زیاتر دەرگاکانیان بەڕووی ئەمریکادا دەکرێنەوە، چونکە پێویستیان بە ئەمریکایە و ئەمریکاش ئامانجی سەرەکی لێی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ئەوڵاتانە و بەدامەزراوەیکردنێتی لەبەرامبەریشدا ئەو وڵاتانە دەکرێت بە ویستی خۆیان یاخود ناچاربن بە بەهاکانی ئەمریکا ڕازیبن کە زیاتر ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی و ئابوری سەرمایەدارییە.

بە نمونە جەنگی ئەمریکا-عێراق ٢٠٠٣ دەرفەتێک بوو بۆ هاتنی ڕێکخراوە بیانیەکان ولەناویاندا ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ئەمریکا بۆ عێراق وهەرێمی کوردستان هەروەها کردنەوەی باڵوێزخانە و کۆنسوڵخانەکان کەئەمەش زیاتر پاڵپشتی پرۆژەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی بوون لە ناوچەکە. نمونەی هاوکارییەکانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی بۆ میدیا و ڕێکخراوە ناحوکمیەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان زۆرن، لەم نێوەندەدا ماڵپەڕی پەرەگراف نمونەی یەکێکە لەو میدیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی پاڵپشتی دارایی دەکرێت و لەساڵی ٢٠٢١ ئەم میدیایە بڕی ٤٥ هەزار دۆلار پاڵپشتی کراوە، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠١٨ بۆماوەی ساڵێکی دیکە یارمەتی دارایی وەرگرتووە .(Peregraf,2022) هەروەها (درەو) میدیاش لە ساڵی ٢٠٢٢ بە بڕی ٢٥ هەزار دۆلار پاڵپشتی دارایی بۆ ماوەی ساڵێک لە سندوقی نیشتیمانی بۆ دیموکراسی وەرگرتووە (ماڵپەڕی درەو،٢٠٢٢). سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی کۆنسوڵخانەی گشتی ئەمریکاوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام پاڵپشتی دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تیمی ڕۆژنامەنوسان و هتد دەکرێت، بەمەبەستی پشتیوانی لە ڕاگەیاندنی ئازاد وشەفافیەت لە کاری ڕاگەیاندندا وەک پایەیەکی دیموکراسی.

وەرگرتنی ئەم یارمەتیە داراییانە جگە لەوەی خزمەت بە کەناڵ ودامەزراوەکان دەکات لەوەی باشتر خۆیان بنیات بنێن، لەهەمانکاتدا خزمەتکردنە بۆ پرۆسەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی وپتەوکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئەمریکا لە جیهاندا کاری بۆدەکات، ئەمریکا پێیوایە هەمو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگیەکی بیانی دەچێتە چوارچێوەی دبلۆماسیەتی گشتیەوە و ئامانجی سەرەکی تیایدا پیشاندانی وێنەی ئەرێنی وڵاتی یارمەتیدەرە و

سەرنجڕاکێشانی ئەو گەلەیە کە یارمەتی وڵاتەکەیان دەدەرێت لە پێناو خزمەتکردنی ئامانجە ستراتیجیەکانی خۆیدا.

**داخوازی سێیەم:**
**هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی و ئاسایش**

هەوڵەکانی ئەمریکا لە پێناو باڵادەستی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیی و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێویستی بە هاوکاری وهەماهەنگی سەبازی وئاسایش هەیە، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە پاڵپشتی دارایی هەیە کە بەردەوام بابەتی گفتوگۆی دەسەڵاتدارانی ئەمریکایە. ئەم بوارە ڕەگوڕیشەی بۆ سەردەمی جەنگی سارد دەگەڕێتەوە و هەنووکە بۆ بەرگرتن لە هەژموونی ڕوسیا و چین و بەرەنگاربونەوەی گروپە ئیسلامیە تیرۆرستییەکانی وەکو قاعیدە و داعش بەکاردێت. نمونەی هاوکارییە سەربازییەکانی ئیدارەی ئۆباما بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بۆ شکستپێهێنانی ڕێکخراوی داعش (شەکەوت،٢٠١٨، ل ١٢٩) . لە هەمانکاتدا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە ٢٠١٦ ەوە پشتیوانی دارایی وتەکنیکی پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠٢٢ نوێکراوەتەوە، لە ژێر ڕۆشنای دەستوری عێراقدا، بەمەبەستی تێکشکاندنی هێزەکانی داعش و چاکسازی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان (U.S. Department of Defense, 2022).

پێشکەوتوویی تواناى سەربازی و تەکنۆلۆجیای چەکی سەربازی و هێزی هەواڵگری ئەمریکا ڕۆڵێکی کارا دەگێرێت لە جێبەجێکردنی ئەم میکانیزمەدا، چونکە کۆمپانیاکانی چەکی ئەمریکی کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆنترۆڵی بازرگانی چەک هەیە لە جیهاندا ئەمەش پایەیەکی گرنگە بۆ ئەمریکا کە بتوانێت لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە پەرە بەو سیاسەت وستراتیژ و بەهایانە بدات کە لە سیاسەتی دەرەوەیدا کاری بۆدەکات (عبدالله، ٢٠١٣-٢٠١٤،ص٣٧). بەهۆی کاریگەری وگرنگی هێزی سەربازی ئەمریکا زۆرێک لە وڵاتان بونەتە جێگەی بنکەی سەربازی ئەمریکا و ڕێکخراوی ناتۆ کە ئەمریکا دەستێکی باڵای هەیە تیایدا. هەردوو توێژەر Gülten) ( Üstüntağ& Ayşe Ömürلە توێژینەوەیەکدا شیکاریان بۆهەوڵە سەربازیەکانی ئەمریکا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کردوە،پێیان وایە: کە ئەمریکا لە ڕێگەی هەردوو میکانیزمی هێزی نەرم وهێزی ڕەقەوە، کار بۆ کردنەوەی بنکە سەربازیەکانی خۆی دەکات لە جیهاندا، ئەمەش وەک ڕێگەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری جیهان وسەپاندنی هەژمونی خۆی لە جیهاندا(Üstüntağ, &Atmaca, 2018,P58 ). ئەمانەش دەرخەری ئەوەن کە بونی کردەی هێزی سەربازی وتوانای سەربازی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر وسەپاندنی هەژمونی خۆی لە جیهاندا، دواجار دەرخەری هێزو باڵادەستی ئەمریکان، بۆ ئەوەی ئەوانی تر کاریگەر بن بە ئەمریکا و سیاسەتەکانی ئەمریکا پەیڕەو بکەن.

**داخوازی چوارەم:**
**بازرگانی و ئابوری**

ئەمریکا خاوەنی توانایەکی ئابووری گەورەی جیهانییە، بە جۆرێک سێیەکی هەموو ئابوری بەرهەمهێنانی جیهانی پاوەنکردووە(شەکەوت،٢٠١٨، ل٣٢٩). دیارە توانایەکی ئابوری لەم شێوەیە دەبێت لە هەڵپەی دەستەبەرکردنی مەرج و پێداویستیەکانی بە زلهێزبوندا بێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی میکانیزمی جیاوازی ئابوری وبازرگانی.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەهۆی زیانە زۆرەکانی جەنگەوە ئەمریکا لەڕێگای پلانی مارشاڵ (Marshall Plan) لە ساڵی ١٩٤٨ وەک نمونەیەکی کلاسیکی هێزی نەرمی ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی ژێرخانی ئابوری ئەوروپا کاری دەکرد، بەمەش ئەمریکا زیاتر دەرفەتی بۆ بازاڕی کاڵای ئەمریکی دابینکرد، لە ڕێگای هاوبەشی بازرگانی وپەرەپێدانی دیموکراسی بۆ وڵاتە ئەوروپیەکانی دوای جەنگ، لەم هەوڵانەدا ئەمریکا ملیارەها دۆلاری بۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا تەرخانکرد بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە . (Jones, Steve,2019) هەر بۆیە پلانی مارشال وەک نمونەیەکی هێزی نەرمی ئەمریکا لە چوارچێوەی یارمەتیدان یاخود، ترسان بەهەڕەشە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەیاندنی بیروباوەڕو بەهاکانی ئەمریکا بە کیشوەری ئەوروپا.

ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەیدا کار لە سەر میکانیزمی هاوبەشی ئابوری و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەکات، چونکە ئابوری ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەداهاتی کۆمپانیا گەورەکانی بەتایبەت (نەوت وچەک) دەبەستێت، بەهۆی بەهێزییانەوە ئەم کۆمپانیانە کاریگەریان لەسەر ڕەوتی سیاسی ئەمریکا هەیە (عبدالله، ٢٠١٣-٢٠١٤،ص٣٦). لەهەمان کاتدا توانا ئابوریەکانی هەمیشە وەکو ئامرازێکی کارا لە سیاسەتی دەرەوەیدا، وەک کەرەستەو سەرچاوەی دبلۆماسیەتی گشتی، بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بن و بکەونە ژێر ڕکێفی ئەمریکاوە (عامرعید، ٢٠١٨،ص٦-٧). نمونەی بەرنامەکانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی(USAID) کە لە ساڵی ١٩٦١ لەلایەن سیوپێنجەهەمین سەرۆکی ئەمریکا (جۆن ئێف کێندی (John F. Kennedy, کە لە ماوەی ساڵانی (١٩١٧-١٩٦٣) ژیاوە ( The White House, 2023) . دروستکراوە، کە بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن و توانای سەرکردایەتیکردنی گەشەپێدانی خۆیان هەبێت، (USAID)لەبواری جیاوزدا کاردەکات لەوانە:

١ -گرنگیدان بە بوارەکانی پەروەردە وتەندروستی وژینگە و دابینکردنی خۆراک پەناگە بۆ لیقەوماوانی دوای کارەساتەکان.
٢-گەشەپێدانی ئابوری لە ڕێگەی بوژاندنەوەی کشتوکاڵ وکەرتەجیاوازەکان و ڕەخساندنی هەلی کار.
٣-هاوبەشیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کەرتی تایبەت بەمەبەستی هاوکاری مرۆیی و چارەسەرکردنی پرسە جیهانییەکان.
٤-کەمکردنەوەی ململانێ وتاوانە نێودەوڵەتیەکان وچارەسەرکردنی قەیرانەکان.
٥-فراوانکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بازاڕی ئازاد هاندان وڕاهێنان بۆ بەشداریکردنی سیاسی بەتایبەت لە هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عێراقدا وێڕای بەردەوامی ململانێ و کێشەکان ڕۆڵی هەبووە لە دوبارە بنیات نانەوەی ئەو دووولاتە .(The USAID,2023) وێڕای بەکارهێنانی هاوکارییە ئابورییەکانی بۆ یارمەتیدانی وولاتانی دواکەوتوو، یان تازە گەشەکردوو، یاخود ئەو وڵاتانەی پێویستیان بە یارمەتی دارایی و ئاوەدانکردنەوە هەیە، و بە هاناوە چوونی وڵاتان وقەرزپێدانیان لە کاتی پێویستدا، و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا(بیجمان، ٢٠١٤،ص١٧٦). هەروەها یارمەتییە ئابوریەکانی بۆ کەرتی تایبەت بۆ سودوەرگرتن لە ئەزمون و کەسانی شارەزا لە بواری جیاواز لەتایبەت بواری تەکنۆلۆژیا کەلە ئەمرۆدا گرنگی زۆری هەیە Nakamura &) Weed,2009, p52).سەرەڕای هاوکارییە ئابورییەکانی بۆ بوارە جیاوازەکانی

دیکە بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر.

لە لایەکی دیکەشەوە توانا ئابورییەکانی وەکو ئامرازێکی ترس و هەڕەشە و فشار لە دژی نەیارەکانی بەکاری دەهێنێت لە ڕێگەی ئابڵوقە و سزای ئابورریەوە. بە نمونە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکاو ناتۆ لە ڕێگەی پاڵپشتی ئابوری بۆ ئۆکرانیا و هەڕەشەی ئابوری، فشار دەخەنە سەر رووسیا لە هێرشەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا کەلە سەرەتای ٢٠٢٢ دەستیپێکردووە (wong,2022).

لە ئێستادا دراوی ئەمریکا بوە بە پێوەرێکی سەرەکی لە سیستمی دراوی زۆرێک لە وڵاتان ئەمەش وایکردوە کە ئابوری و سیستمی دراوی ئەو وڵاتانە پەیوەست بێن بە ئەمریکاوە، و ئەمریکاش لە ڕێگەی پەیوەندیە دبلۆماسییەکانییەوە برەو بەم بوارە دەدات و لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)و بانکی جیهانی (IB) و ڕیکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) و ئاژانسەکانی ناو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە ئەمریکا ڕۆڵی کارا دەگێڕێت تێیاندا.

## داخوازی پێنجەم:
## میکانیزمی ئاڵوگۆڕی زانیاری

ئەمریکا سەرقاڵی ململانێیەکی نێودەوڵەتییە لە بیرۆکە و ئایدۆلۆژیا، کە پێویستی بە بەکارهێنانی میکانیزمی جیاواز هەیە، لەپاڵ میکانیزمە کردەییەکان میکانیزمی زانیاریش لە چوارچێوەی دبلۆماسیەتی گشتی و نوێدا بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە Policy Coordinating) Committee on Public Diplomacy and Strategic Communication (US), 2007,p11).

لە چوارچێوەی زانیاریەکان بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت بۆ ئەوەی مانا بەرهەم بهێنیت بۆ ئەوەی ڕای گشتی لە سەر پێکبهێنیت، واتا چۆن تێڕوانینی ئەوانی تر بەو ئاراستەیە بگۆڕیت کە لە خزمەتی تۆ دایە، ئەمریکا لە ڕێگەی دامەزراوەی میدیای و ئاژانسی هەواڵی ئەمریکاو بڵاوکراوەو چاپکراوەکان و پێگە ئەلکترۆنیەکانەوە زۆربەی ڕودا و پێشهاتەکان لە چوارچێوە دەدات و ئەو بابەتانەی ئەمریکا دەیانخاتە بەرباس دەبنە باسی میدیاکانی جیهان کە زیاتر لە شێوەی پرۆپاگەندەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە جارێکی دیکە هەڵمەتە کردەییەکان لەسایەی تەکنۆلۆژیای نوێدا دەخرێنە ڕوو بۆ کاریگەربوونی ئامانجەکانی هەڵمەتەکان.

هەندێک لەو میکانیزمانە دەخرێتە ڕوو کە لە چوارچێوەی زانیاریدا ئەمریکا کاری پێدەکات:

دەنگی ئەمریکا (Voice OF America)نمونەی پەخشی زانیاریەکانی ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پروپاگەندەی نازییەکانی ئەڵمانیا دەستی بە پەخشکردن کردووە(Koura, 2016, p195). (لەم نێوەندەدا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەستی بە پەخشکردن کردووە(Rasul,2019,p7). (لە ئەمڕۆدا بە زیاتر لە ٤٨زمانی جیاواز .( VOA Sindhi website,2022)لە ڕێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە هەواڵ و زانیاری و بەرنامەی کولتووری پێشکەش دەکات. هەروەها ئاژانسی زانیاری ئەمریکی United State) Information Agency)کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی )ئایزنهاوەر، (Eisenhowerلە ساڵی ١٩٥٣ پێکهێنرا، بودجەی تایبەتی بۆ تەرخاندەکرا، لە پێناو بازاڕکردن بۆ بەها و کلتوری ئەمریکی وگواستنەوەی بۆ ڕای گشتی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن وبەرنامە پەروەردەیی و ڕۆشنبیریەکانەوە) اسماعیل، ٢٠١٦، ص٥٤٦.(

دەنگی ئەمریکا نمونەی ئەو پەخشانە بوو کە ئاژانسی زانیاری پاڵپشتی دەکرد، دواتر ئەم ئاژانسە لە ساڵی ١٩٩٩ گۆڕا بۆ بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری دبلۆماسیەتی گشتی و کاروباری گشتی Under Secretary of State for) Public Diplomacy and Public Affairs) (The Historian of the U.S. Department of State,2022).لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەمریکا بە سودوەرگرتن لە ئینتەرنێت جیهان بەئامانج دەگرێت کە پێشتر لە ڕێگەی فیلم و ڕادیۆی سنوربڕەوە جیهانی بە ئامانج دەگرت.

لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە ئەمریکا گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا کرد بە ئاراستەی دروستکردنی زانیاری وگەیاندی بەوانی تر لە پێناو گۆڕینی تێڕوانینی خەڵکی وجوانکردنی وێنەی ئەمریکا لە چاوی ئەوانی تردا بەتایبەت جیهانی عەرەبی وئیسلامی، تەنانەت لە پرسی عێراقدا ئەمریکا لە ڕێگای میدیاوە بە بەردەوامی کەمپینی لە دژی سەدام دەکرد، بۆئەم مەبەستەس ئیدارەی بۆش کۆمەڵێک هەنگاوی لە بواری دبلۆماسیەتی گشتی نوێدا نا لەوانەش کەمپینی (Sharing the Values) لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ڕاگەیاند بەمانای بەها هاوبەشەکانمان لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها (ڕادیۆ سەوا)ی لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراند و، لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆڤاری Hi) (Magazineی بۆ گفتوگۆکردنی گەنجانی مسوڵمانی ناوخۆی ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکا خستەڕوو، سەرەڕای دامەزراندی کەناڵی الحرة لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق (البدوي، ٢٠١٥ ،ص٩٥). هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ گرنگی ورۆڵی تەکنۆلۆژیا لە سیتراتیژیەتی ئەمریکادا، لە پێناو جوانکردنی وێنەی خۆیان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بە سود وەرگرتن لە هێزی نەرم وتەکنۆلۆژیا لە سایەی دبلۆماسیەتی گشتی نوێدا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئیمپراتۆریەتیەکی گەورەی میدیایی بەڕێوەدەبات ئەوەش لە پێناو یەکخستنی تواناکان لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای پێشکەوتو تەکنۆلۆژیادا، بە ئامانجی هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ نوسینگەی دبلۆماسیەتی ئەلکترۆنی لەسەر دەستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) کۆڵن پاوڵ ، (Colin Powellبونیاتنراوە (Hanson,2012,p3). (وێرای ئەوەی تیمی تەکنۆلۆجیای دبلۆماسی Digital ( Outreach Temasی لە نوسینگەی دبلۆماسیەتی ئەلکترۆنی کردوەتەوە بۆ سودوەرگرتن لەکەسانی شارەزای بواری تەکنۆلۆجیا، ئاراستەکردنی جەماوەری بیانی بەشێوەیەکی ئەرێنی و گۆڕینی تێڕوانینی هەڵە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا (محمود، ٢٠٢٠ ،ص٨). لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەی پاڵپشتی دارایی و سیاسی هەیە بۆ ڕاهێنانی دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان وهاندانیان بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک تویتەر و فەیسبووک لە کاری ڕۆژانەیان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەردا(دندن ، و آخرون، ٢٠٢١، ص٣٥٨). سەرەڕای ئەوەش باراک ئۆباما وەک یەکەم سەرۆکی کاریگەری سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ناسراو، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ وەک یەکەم سەرکردە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەری لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکارهێناوە ، بە دوای ئەمیشدا سەرۆک وەزیرانی مەکسیک(Elio Di Rupo) و سەرۆک وەزیرانی کەنەدا (Stephan Harper) بەکاریان هێناوە، بە هاتنی دۆناڵد ترامپ و پەیام و نوسینەکانی کە لە تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بڵاوی دەکردەوە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لای دیپلۆماتکار و سەرکردەی وڵاتەکان زیاتر پەرەیسەند (لیتیم، ٢٠١٨ ،ص١٢٢-١٢٣). لە تێڕوانینی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەکارهێنانی

میکانیزمەکانی میدیا بە تەنها ئامرازێک نیە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە ئەوانیتر بەڵکو وەرگرتنەوەی خێرای بیروبۆچوونەکانە سەبارەت بە سیاسەتێکی دیاریکراو، چونکە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاوە ئاڵوگۆڕ و دەستپێشخەری و زانیاری وبەرنامە و پەیوەندی لە نێوان خۆیان و جیهانی دەرەوە دروست دەکەن، بەمەبەستی خزمەتکردنی پرسی دبلۆماسی وڵاتەکەیان (السردی، ٢٠٢١،ص٣٤).

سەرەرای ئەوەی ئەمریکا باڵوێزخانەی تارانی گریمانە Virtual Embassy) (Tehranی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ٢٠١١ کردوەتەوە (Manor, 2016,p28). ئەگەر بە پێوەرە کۆنەکانی کاری دبلۆماسیەتی کلاسیکی سەیربکرێت ئەمە شێوەیەکی یەکجار نوێیە کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، چونکە ناکرێت وڵاتێک پەیوەندی فەرمی لەگەل وڵاتێکدا نەبێت بەڵام باڵوزخانەی گریمانەیی بۆ پەیوەندیکردن بۆ هاوڵاتیەکانی لە سایەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دابنێت، هەمو ئەمانەش لە پێناو جوانکردنی وێنەی ئەمریکایە لە چاوی هاوڵاتی ئێرانیدا وگۆڕینی تێڕوانیان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو بەدیهێانتی ئامانجەکانی ئەمریکایە.

لەم روەوە ئەم هەوڵانەی ئەمریکا دەکرێت کارئاسانی لە مامەڵەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکات، هەروەها هەر زانیاریەکی ناڕاست سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە دەرەوە هەبێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە دبلۆماسیەتەوە ڕاست بکرێتەوە ئەمە جگە لەوەی پێوەرێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی دیبلۆماتکارەکانی، دواجاریش هەموو ئەمانە خزمەتکردنە بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. وێڕای ئەوەی ئەمریکا ساڵانە بودجەی پێویست بۆ پیشەسازیی کلتوری و هەڵمەتە میدیاییەکانی تەرخان دەکات، ساڵی ٢٠١٢بازاڕی ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنان ودابەشکردنی کاڵای کلتوری گەورەترین بازاڕی جیهانی بووە، بەشی زۆری کۆمپانیاکانی بواری فیلم و یاریە ئەلکترۆنیەکان کە بنکەکانیان لە ئەمریکایە وەک :واڵت دیزنی، تایم وارنەر، هتد ڕۆڵی گرنگیان هەبوە لە براندکردن بۆ کلتور وسیاسەت و وێنەی ئەرێنی ئەمریکا و گواستنەوەی ئەم وێنانە بۆ جیهان (Mirrlees, 2016,p3-4). بەبڕوای ماکێسنی کۆمپانیاکانی میدیا کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێن، ئەم کۆمپانیانە لە پێناو قازانجی خۆیان بازاڕگەری بۆ کلتور و سیاسەتی ئەمریکا دەکەن بە یارمەتی توانای ئابوری (Mirrlees,2016,p14). هەربۆیە پیشەسازی کلتوری میکانیزمێکی گرنگە بۆ گەیاندنی بۆچونی فەرمی ئەمریکا بە جیهان، هەروەها ماڵپەڕی کۆنسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان نمونەیەکی بەرچاوی ئاڵوگۆڕی زانیارییە کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا پشتی پێدەبەستێت.

## دەرئەنجامەکان

لە کۆتاییدا دەتوانین چەند دەرئەنجامێک بخەینە ڕوو:

1. دبلۆماسیەتی گشتی نوێ درێژەپێدەری دبلۆماسیەتی گشتییە بەکۆمەڵێک ودەرفەت وئاڵنگاری نوێیەوە، لە ڕووی زاراوەییشەوە هەر لە دبلۆماسیەتی گشتیەوە سەرچاوەی گرتووە، کۆمەڵە چالاکیەکە کە لەلایەن دەوڵەت وئەکتەرە نادەوڵەتیەکانی وەک گروپ وڕێکخراوەکان وکۆمپانیا فرەرەگەزەکان دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە (Public Figures) و کۆی تاکەکانەوە بەکاردەهێنرێت پشت بە ئامرەزەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت دەبەستیت بۆ ئاسانکردنی ئەرک وکارە دبلۆماسییەکان و گەیاندنی پەیامەکان بە جەماوەری ناوخۆ و بیانی لە پێناو دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکان وئاسانکاری لەبەدەستهینانی ئامانج و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان.
2. ئەمریکا ئەزموونێکی دوورو درێژی هەیە لەپراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی نوێ چونکە وڵاتێکی زلهێزە و هەژموونی بەسەر وڵات و ناوچەی زۆری دونیادا هەیە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گەڕانە بەدوای بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی خۆیدا لە ژینگەی دەرەوەدا لە ڕێگای بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی ئامرازە جۆراوجۆرەکان تا پارێزگاری لە مانەوەو فراوانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆی لە هەر شوێنێکی جیهاندا بکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا لە ڕێگای میکانیزمە جیاوازەکانی دبلۆماسیەتی گشتیەوە گرنگی بە بەها سیاسی و ئابوری و کلتوورییەکانی خۆی لە ژینگەی نیودەوڵەتیدا دەدات، ئامانجی سەرەکی ئەمریکاش لەم کارە بریتیە لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتەکان، لە پێناو ئاسانکاری بۆ بەدەستهینانی ئامانجەکانی ئەمریکا.
3. پرسی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وئازادی لەو بەها سیاسیانەن کە ئەمریکا هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدات، بە ئامانجی ئەوەی بە داکۆکیکاری ئەو بنەمایانە بناسرێت لە جیهاندا، لەم هەوڵانەشدا ئەمریکا ڕووبەڕووی چەندین لێکەوتەی سیاسی وئابوری هتد، بووەتەوە، هەرێمی کوردستان لەم نێوەندەدا سودی لەم بەها سیاسیانە بینیووە لەوانە: بڕیاری ٦٨٨ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ١٩٩٢ و جێگیرکردنی بەشێک لە مافەکانی کورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ و بەشداری کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە دامەزراوە سەرەکیەکانی عێراقدا و بەڵام لە ریفراندۆمی ٢٠١٧ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەمریکا دژایەتی خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە دەربڕی، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەگەر چی ئەمریکا کار بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەکات بەڵام بەگوێرەی بارودۆخەکان وبەرژەوەندیەکانی خۆیی بڕیار لە دەرئەنجامەکانی دیموکراسی دەدات.
4. لە ڕێگەی بەها ئابورییەکانەوە دەرفەتی هاوکاری ئابوری ودۆزینەوەی بازاڕ دەرەخسێنێت بۆئەوەی ئاسایشی ئابوری خۆیی بپارێزێت و لە کێبڕکێیی باڵادەستی بەردەوام بێت خواستی جیهانی لەسەر بەرهەم و کاڵای ئەمریکی زیاد بکات و لەم چوارچێوەیەشدا وێڕای ئەوەی بازاڕی ئابوری کوردستان بە سەقامگیرتر دەبینێت بۆ وەبەرهینان، بەڵام لە ڕوانگەی نەوتەوە سەیری کێشەی کورد ناکات، بەڵکو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عێراق و هەرێم دەدات پاڵپشتی عێراقێکی یەکگرتوو دەکات کە بەرژەوەندی هەموانی تێدا بێت.
5. لە پاڵ بەها سیاسی وئابوریەکاندا ئەمریکا هەوڵی بڵاوکردنەوەی بەها کلتوریەکانی خۆی دەدات لە ڕیگەی هێزی نەرمەوە بۆ پشتگیریکردن لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ ولێبوردەیی و ئازادی ئاینی، لەم نێوەندەدا هەندێک لە توێژەران ئەم هەڵمەتانەی ئەمریکا وەک شەپۆلێکی داگیرکاری دەبینن کە دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی کلتوری نێشتیمانی و بەلای توێژەرانی ڕۆژئاوا بەتایبەت توێژەرە ئەمریکیەکان هاوتاکردنی کلتوری ئەوانیتر بە کلتوری ئەمریکی دەسکەوتێکی گەورەیە و دەبێتە هۆی پێشکەوتنی وڵاتەکە.
6. ئەمریکا بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاکانی خۆی پشتی بە چەندین میکانیزمی کردەیی و زانیاری جیاواز بەستووە لەپاڵ میکانیزمی سەردانە فەرمییەکاندا گرنگی بە میکانیزمە کردەییەکانی ، ئاڵوگۆڕی زانستی و پەروەردیی و کلتوری، یارمەتی و پاڵپشتیکردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەماهەنگی سەربازی وئاسایش، بازرگانی و ئابوری دەدات، لەم ڕێگایانەوە کار لەسەر وێنەی ئەرێنی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، لەهەمانکاتدا هەرچەندە هێزی سەربازی وتوانا ئابوریەکانی گەورە و کاریگەرن، بەڵام لە هەمانکاتدا لە

ڕێگەی میکانیزمی زانیاری و میدیاوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەو گوتارو زانیاری و دروستکردنی مانا و پێکهێنانی ڕای گشتی دەکات، بە ئامانجی گۆڕینی تێڕوانینی جیهان، بەجۆرێک کە کاریگەربن بە بەهاکانی ئەمریکا، لەم چوارچێوەیەشدا بە ستراتیژیەکی فراوان بە پشت بەستن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وچاپکراوەکان و پیشەسازی کلتوری و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کاردەکات.

## لیستی سەرچاوەکان:


### سەرچاوە کوردییەکان:

دەستووری هەمیشەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی ٤ و ١١٧

شەکەوت ،هێمن:پرسی سەربەخۆی کوردستان وسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا،دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ،سلێمانی ،٢٠١٨.

عبد الله،هێمن محمد ،بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دبلۆماسیەتی گشتی کۆنسوڵخانەکان لە هەرێمی کوردستاندا،لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەشکراوە بە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ،٢٠٢١.

عومەر، ئەحمەد ، سۆفی مەهدی ، ڕەشید کاردۆ:پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتەتی گشتی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە،و: هیوا ، وریا ،گۆڤاری ناوەندی کوردستانی بۆ توێژینەوە لە ململانی و قەیرانەکان، سلێمانی ،ژمارە ٢٦ ی نیسانی ، ، ٢٠١٨،ل٤-١٩.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

الكعود ،اياد خلف عمر ،ستراتيجية القوة الناعمة ودورها في تنفيذ اهداف السياسة الخارجية الامريكية في المنطقة العربية، رسالة ماجستيرغير منشورة، في العلوم السياسية كلية الأداب والعلوم ،جامعة الشرق الاوسط،عمان ،٢٠١٦.

عبد الله ،أحمد سليم ، دور السياسة الامريكية في التحولات الديمقراطية في المنطقة العربية ( ٢٠٠١ – ٢٠١٣(،رسالة ماجستيرغير منشوهر قسم العلوم السياسية -كلية الأداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط، عمان،٢٠١٣-٢٠١٤.

البدوي،ثريا أحمد، الجهود البلوماسية العامة الأمريكية عبر شبكات التواصل الأجتماعية :دراسة تحليلية لخطابات القائمين بالاتصال المستخدمين، مجلة رؤى استراتيجية،مركز الأمارات للدراسات والبحوث استراتيجية ، مجلد٣ ،العدد ١٠ ،ابريل ٢٠١٥، ٩٢-١٢٥، على الرابط الأتي: https://www.ecssr.ae/wp-content/uploads/PDF/Rua_Strategia/Rua-Issue-10/rua10_92.pdf

نميري،عزالدين والأخرون. "تداعيات البعد الثقافي الدولي على الثقافة الوطنية (تحديات الواقع وسياسات المواجهة)، مجلة حوليات جامعة قالمة للعلوم الاجتماعية والإنسانية، مجلد ١٥ / العدد٢ ،٢٦-١٢- ٢٠٢١،ص١٨٩-٢٠٥.

رفيق ،أبو بكر،"مخاطر العولمة على الهوية الثقافية للعالم الإسلامي، مجلة جامعة السادات الجامعة الإسلامية العالمية شيتاغونغ،بنغلاديش المجلد الرابع، ديسمبر ٢٠٠٧،ص٥-١٦.

بشير،عبدالفتاح:أزمة الهيمنة الأمريكية، دار نهضة مصر للطباعة والنشر،٢٠١٠.

عامر عيد ، عامر عيد ،أدوات السياسة الخارجية: التفاعلات والتداخلات، رسالة ماجستير غير منشورة في العلاقات الدولية، جامعة الاسكندرية ،كلية الدراسات لقتصادية والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية،٢٠١٨.

بيجمان،جيفري، الدبلوماسية المعاصرة، ت: حسن، محمد صفوت، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠١٤.

اسماعيل ،ماجد محمد طه ، الدبلوماسية الشعبية ودراسة في التراث العلمي المفهوم والأساليب الأتصالية المستخدمة، حوليات أداب عين الشمس، المجلد ٤٤، سبتمبر ٢٠١٦،٥٢٦-٥٥٦، على الرابط الأتي :
https://aafu.journals.ekb.eg/article_9645.html

محمود، محمد عدنان ،الدبلوماسية في العصر الرقمي والتطور النوعي في الدبلوماسية التقليدية، مركز البيان للدراسات والتخطيط ،٢٠٢٠.

دندن ،عبد القادر و آخرون، العلاقات الدولية في عصر التكنولوجيات الرقمية تحولات عميقة..مسارات جديدة ، مركز الكتاب الاكاديمي، ٢٠٢١.

ليتيم ،فتيحة ،الديبلوماسية الألكترونية بين الفاعيلة ومحدودية التاثير، شؤون الأوسط ،مركز الدراسات ستراتيجية، لبنان، عدد ،١١٥، ٣١-١٠- ٢٠١٨ص١٥٨-١٢٩.

السردى،بيسان سمير محمد،دبلوماسية الرقمية ودورها في الصنع السياسية الخارجية الأمريكية تجاه الملف النووي الأيرانية (٢٠١٥-٢٠١٩)،رسالة ماجستير غير المنشورة،الكلية الأداب والعلوم الأنسانية،الجاميعة الأقصى،الفلسطين،٢٠٢١.

سليم، رجاء، تعزيز دور الدبلوماية الشعبية لتفعيل القوى الناعمة لمصر، المجلة بقلم خبير، عدد ١٩، مركز المعلومات ودعم اتخاذ القرار، رئاسة مجليس الوزراء ،الخميس، ٧ أكتوبر ٢٠٢١، ١-١٦، ص٥.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Alexander, Roman. American fast food as culture and politics: The introduction of Pepsi and McDonald's into the USSR. Diss. University of Oregon, 2013.

Atkinson, Carol: Does Soft Power Matter? A Comparative Analysis of Student Exchange programs 1980–2006, Journal of Foreign Policy Analysis, 6.1, 2010, p 1-22.

Bali, A. "The political development of Iraqi Kurdistan." International Journal of Political Science and Development 4, no. 6 (2016): 208-215.

Bali, Ahmed Omar, Sofi Karim, Mahdi and Rached,Kardo. "Public diplomacy effort across facebook: A comparative analysis of the US consulate in Erbil and the Kurdistan Representation in Washington." sage Open 8.1 (2018), pp1-9.

Bean, Hamilton: Strategic Communication and the Marketization of Educational Exchange, Journal of Foreign Policy and Peace, V.4, No.2, Jul 2015, pp31-44,from https://dergipark.org.tr/en/download/article-file/147471.

Center for American Progress and Center for strategic and international studies, Why Promoting Democracy is Smart and Right,pp1-9, p8-9, 18-1-2013, https://www.americanprogress.org/wp-content/uploads/2013/01/StatementofPrinciples-2.pdf

Dynes,Russell,R,introduction,IN Dudden, Arthur Power, and Russell Rowe Dynes, eds. The Fulbright experience, 1946-1986: Encounters and transformations. Transaction Publishers, 1987.

Fukuyama, Francis. "The end of history?." The national interest 16 (1989): 1-23.

Gazdoiu, Corina, PUBLIC DIPLOMACY 2.0: THE UNITED STATES VIRTUAL EMBASSY IN IRAN, Annals of the Academy of Romanian Scientists Series on History and Archaeology, Online Edition, Volume 7, Number 2, 2015,63-80.

Grincheva, Natalia. "US arts and cultural diplomacy: Post-cold war decline and the twenty-first century debate." The Journal of Arts Management, Law, and Society 40.3 (2010)pp: 169-183.

Hanson, Fergus. Baked in and wired: eDiplomacy@ State. Foreign Policy at Brookings, 2012.

https://www.academia.edu/31759866/United_States_Cultural_Diplomacy_Enhancing_U_S_image_and_promoting_its_values_in_Belarus_and_Egypt

Hunter, Alan. "Soft power: China on the global stage." Chinese Journal of International Politics 2.3 (2009): 373-398.

**پێگە ئەلکترۆنییەکان:**

ماڵپەڕی زەمەن، بایەخی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کورد،٥-٤-٢٠٢١، بەرواری سەردانیکردن:١٩-١٢-٢٠٢٢ https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=42989 ١٩-١٢-٢٠٢٢.

محەمەد، شوان ، ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان شکستی هێنا: سیناریۆکانی دوای شکست چین،4-8-2021،بەرواری سەردانیکردن٢-١٢-٢٠٢٢ http://regaykurdistan.com/index.php/wtar/34706-2021-08-04-10-37-27.

ماڵپەڕی درەو: (درەو) بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی ئەمریکا بۆ دیموکراسی،٢٩-١-٢٠٢٢،بەرواری سەردانیکردن ٢-١-٢٠٢٣ https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9555.

Lynn-Jones, Sean M:Why the United States should spread democracy,march,1998, Last accessed in 6-6-2022, available at: https://www.belfercenter.org/publication/why-united-states-should-spread-democracy.

UN Security Council, Security Council resolution 688 (1991) [Iraq], 5 April 1991, Last accessed in 2-1-2022, available at: https://www.refworld.org/docid/3b00f1598.html.

U.S. Embassy in Baghdad, Iraqi Kurdistan Regional Government's Planned Referendum,20-9-2017, a, Last accessed in 19-12-2022, available at: https://iq.usembassy.gov/iraqi-kurdistan-regional-governments-planned-referendum/.

Nicholas, Steven, How Is a Capitalist System Different Than a Free Market System?, 15-8-2022, Last accessed in 6-11-2022, available at: https://www.investopedia.com/ask/answers/042215/what-difference-between-capitalist-system-and-free-market-system.asp.

Ross, Sean, Is the United States a Market Economy or a Mixed Economy?,27-4-2021, Last accessed in 7-11-2022, available at: https://www.investopedia.com/ask/answers/031815/united-states-considered-market-economy-or-mixed-economy.asp.

H. Dugger, Robert Cold War Roots of U.S. Economic Problems,

How did the U.S. trade policy shift after the Cold War?,2-7-2008, Last accessed in 6-9-2022, available at: https://www.theglobalist.com/cold-war-roots-of-u-s-economic-problems/,.

The Federal Reserve History, Asian Financial Crisis July 1997–December 1998,22-11-2013, Last accessed in 6-9-2022, available at: https://www.federalreservehistory.org/essays/asian-financial-crisis,.

12-The Washington Institute for near east policy, U.S. Trade with the Middle East:Opportunities and Challenges,19-11-2003, Last accessed in 6-9-2022, available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/us-trade-middle-east-opportunities-and-challenges,.

Bland, Archie, Why is the US so angry with Saudi Arabia about oil supply cuts?,13-10-2022, Last accessed in 20-12-2022, available at: https://www.theguardian.com/us-news/2022/oct/13/us-saudi-arabia-oil-suppply-opec-russia-war-ukraine.

U.S. Department of State, 2022 Investment Climate Statements: Iraq,2022, a. Last accessed in 2-1-2023, available at: https://www.state.gov/reports/2022-investment-climate-statements/iraq/.

U.S. Department of State, Department Press Briefing ,16-August, 2022,b, Last accessed in 2-1-2023, available at: https://www.state.gov/briefings/department-press-briefing-august-

Jackson, Nia and Viačorka, Francišak. United States' Cultural Diplomacy: Enhancing U.S. image and promoting its values in Belarus and Egypt, American University,no date, Last accessed at 19/5/2022, and the PDF file available at:

Kim, Hwajung. "Bridging the theoretical gap between public diplomacy and cultural diplomacy." The Korean Journal of International Studies 15.2 (2017)PP: 293-326.

Koura, Jan. "Contest between foreign and domestic propaganda. Voice of America broadcast to Czechoslovakia during late 1940s and early 1950s." 2016.

Manor, Ilan. Are we there yet: Have MFAs realized the potential of digital diplomacy?: Results from a cross-national comparison. Brill, 2016.

Marks, Steven G. "The word "capitalism": The Soviet Union's gift to America." Society 49.2 (2012)pp: 155-163.

Melissen,j, public diplomacy.IN A Cooper, Andrew F., Jorge Heine, and Ramesh Thakur, eds. The Oxford handbook of modern diplomacy. OUP Oxford, PP(436-452),2013.

Mirrlees, Tanner. Hearts and mines: The US empire's culture industry. UBC Press, 2016.

Mirrlees, Tanner. Hearts and mines: The US empire's culture industry. UBC Press, 2016.

Nakamura, Kennon H., and Weed, Matthew C. US public diplomacy: Background and current issues. Washington, DC: Congressional Research Service, 2009.

Ohnesorge, Hendrik W. Soft Power: the forces of attraction in International Relations, Reut Institute, 2020.

Osgood, Kenneth A., ed. The United States and Public Diplomacy: New Directions in Cultural and International History. Brill, 2010.

Pandey, Ravindra Prasad. "The fallout of 9/11 on Asian economies: Policy options." NRB Economic Review 16 (2004)pp: 91-121.

Policy Coordinating Committee on Public Diplomacy and Strategic Communication (US). US National Strategy for Public Diplomacy and Strategic Communication. Policy Coordinating Committee on Public Diplomacy and Strategic Communication, 2007.

Rasul, Sabir Hasan. "Foreignization in English-Kurdish Translations Produced by the Voice of America." Journal of University of Human Development 5.3 (2019)pp: 6-13.

Roumate, Fatima, ed. Artificial Intelligence and Digital Diplomacy: Challenges and Opportunities. Springer Nature, 2021.

Rugh, William. "American soft power and public diplomacy in the Arab world." Palgrave Communications 3.1 (2017)pp: 1-7.

Scott-Smith, Giles, and Martijn Mos. "Democracy Promotion and the New Public Diplomacy." New Directions in US Foreign Policy. Routledge, 2009. 225-240.

Sharp, Paul, and Geoffrey Wiseman, eds. American diplomacy. Martinus Nijhoff Publishers, 2012.

United States. Advisory Committee on Cultural Diplomacy. Cultural Diplomacy, the Linchpin of Public Diplomacy: Report of the Advisory Committee on Cultural Diplomacy. US Department of State, 2005

Üstüntağ, Gülten, and Atmaca, Ayşe Ömür . "The US Bases and Their Contributions to US Hegemony." The Turkish Yearbook of International Relations 49 (2018)PP: 57-87.

2022/.

Bureau of Educational and Cultural Affairs, About Fulbright, Last accessed in1-2-2023, available at: https://eca.state.gov/fulbright/about-fulbright.

IREX, About Us, Last accessed in 30-8-2022, available at: https://www.irex.org/about-us.

Lipien, Ted, Interweaving of Public Diplomacy and U.S. International Broadcasting, December 2011, Last accessed in 30-8-2022, available at: https://americandiplomacy.web.unc.edu/2011/12/interweaving-of-public-diplomacy-and-u-s-international-broadcasting/.

U.S. Embassy in Baghdad, Protection of Freedom of Expression and Freedom of the Press in Iraq,20-12-2017,b, Last accessed in 4-1-2023, available at: https://iq.usembassy.gov/protection-freedom-expression-freedom-press-iraq/.

Lowe, David, IDEA TO REALITY: NED AT 30, Last accessed in 6-6-2022, available at: https://www.ned.org/about/history, /.

Peregraf:National Endowment for Democracy supports “PEREGRAF” with new grant,5-3-2022, Last accessed in4-1-2023, available at: https://peregraf.com/en/news/4060/National-Endowment-for-Democracy-supports-%E2%80%9CPEREGRAF%E2%80%9D-with-new-grant.

U.S. Department of Defense , Joint Statement on the Renewal of the Memorandum of Understanding between the DoD and the Kurdistan Regional Government Ministry of Peshmerga Affairs,21-9-2022, Last accessed in 4-1-2023, available at: https://www.defense.gov/News/Releases/Release/Article/3166687/joint-statement-on-the-renewal-of-the-memorandum-of-understanding-between-the-d/.

Jones, Steve, Understanding Soft Power in US Foreign Policy,19-10-2019, Last accessed in 9-6-2022, available at: https://www.thoughtco.com/soft-power-in-u-s-foreign-policy-3310359.

wong,Edward.Croweley,Michael,with Sanctions,U.S.and Europe Aim to Punish Putin and Fuel Russian Unrest,4-3-2022, Last accessed in6-3-2022, available at: https://www.nytimes.com/2022/03/04/us/politics/russia-sanctions-ukraine.html.

The White House:The biography for President Kennedy and past presidents is courtesy of the White House Historical Association, Last accessed in 4-1-2023, available at: https://www.whitehouse.gov/about-the-white-house/presidents/john-f-kennedy/.

The USAID: USAID History, Last accessed in4-1-2023, available at: https://www.usaid.gov/about-us/usaid-history.

VOA Sindhi website, VOA Launches Programming in Sindhi,1-7-2022, Last accessed in 9-10-2022, available at: https://www.insidevoa.com/a/6641147.html.

The Historian of the U.S. Department of State, Under Secretaries of State for Public Diplomacy and Public Affairs, Last accessed in 4-2-2022, available at: https://history.state.gov/departmenthistory/people/principalofficers/under-secretary-for-public-diplomacy.

Ziegler, Pauline, The Concept of Public Diplomacy In the 21st Century 30-3-2023, Last accessed in 4-4-2023, available at: https://bestdiplomats.org/public-diplomacy/ .